# ڕێنامەی «پەیوەندسازی» ی ڤێستاندەر

Westanders pr-handbok 2009
Westander Publicitet & Påverkan AB
www.westander.se

تەرجەمەی لە سویدییەوە:
ڕێکخراوی «کۆمەک»
www.komak.nu

Westanders pr-handbok 2009
© Westander Publicitet & Påverkan AB
www.westander.se

Translated from Swedish to Kurdish: KOMAK
www.komak.nu

ڕێنامەی «پەیوەندسازی» ی ڤێستاندەر
www.westander.se
تەرجەمەی لە سویدییەوە: ڕێکخراوی «کۆمەک»
www.komak.nu

## دەربارەی ئەم نامیلکەیە

PR کورتکراوەی دەستەواژەی Public Relations ـە کە دەکاتەوە «پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەر». دەستەواژەیەکی ئینگلیزییە مەبەست لێی خۆش کردنی دەرفەتە لە نێو جڤاتدا بۆ پشتیوانی لە پەیام یان کارێکی تایبەت. ڕشتەیەکی بەرفرەوانی کارە، کەسانێک کاری تێدا دەکەن شارەزان لە پتەو کردنی پەیوەندی و پێگەی لایەنی خاوەن مەبەست. کۆمپانیاکانی PR ئەرکیان ئەوەیە هاوکاریی کڕیاری خۆیان بکەن بۆ جێ گرتن لە مێدیا و سیاسەتدا، بۆ دروست کردنی کاریگەری لە بازاڕی هەمەجۆری جڤاتدا، بۆ نموونە سیاسەت، ئابووری، هونەر و هتد. لەوانەیە زاراوەی «پەیوەندسازی» بۆ Public Relations بە کوردی خراپ نەبێ.

ئەم نامیلکەیە لە لایەن کۆمپانیایەکی سوێدییەوە داڕێژراوە و مۆرکی دونیای سوێدی پێوە دیارە. لەم تەرجەمەیەدا وردە دەستکارییەک کراوە بۆ گونجاندنی لەگەڵ بارودۆخی کوردستاندا. بەشێک لە نموونەکان یان لا دراون یان گۆڕاون بە نموونەی کوردستانی. لەو خاڵانەی باس لە یەکێتیی ئەورووپا EU دەکات، ئێمە ئاماژەمان بە نۆرەی ڕەوەندی کوردستانی کردووە لە ئەورووپا.

بۆ ڕوون کردنەوەی زاراوەکانی ئەم تەرجەمەیە بڕوانە کۆتای نامیلکەکە.

«کۆمەک»

کوردستان، بەهاری 2010

## ڕێنامەی «پەیوەندسازی» PR بۆچی باشە؟

ئێمە پێمان باشە خەڵکانێکی زۆر ئاگاداری ئەو زانستە بن کە «پەیوەندسازی» PR هەیەتی دەربارەی دروست کردنی دەنگوباس، پێکهێنانی ڕای گشتی و کاریگەری لەسەر بڕیاری سیاسی. ئەم ڕێنامەیەی بەردەستت بۆ ئەوەیە میللەت شارەزای ئامرازی «پەیوەندسازی» PR بن. مەبەستیش ئەوەیە ئەم ڕێنامەیە هەم ببێتە سەرچاوەی سروش (ئیلهام) و هەم وەک چێکلیست Checklist بێتە بەکارهێنان بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوەێ کارێکی درێژخایەن و سیستەماتیک لە بواری مێدیا و لۆبیکاری Lobbying دا بکەن.

ئەم ڕێنامەیەی «پەیوەندسازی» PR هەتا ئێستا بە زمانی سوێدی شەش جار چاپ کراوەتەوە سەرجەم 73 هەزار نموونەی لێ چاپ کراوە. هەموو تێبینی و سەرنجێکتان بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەم ڕێنامەی «پەیوەندسازی» ی Westander ە، جێی سوپاسە.

## کۆمپانیای «پەیوەندسازی» PR بۆچی باشە؟

کۆمپانیا و سازمان هەیە دەڵێن کۆمپانیاکانی «پەیوەندسازی» PR پەیوەندی باش و سوودبەخشیان هەیە، دەشێ ئێمە بەکاریان بهێنین، لەبەر ئەوە پێویست ناکات خۆمان زۆر ماندوو بکەین بە تۆڕبەندیی لەو بابەتە لەگەڵ مێدیاکار و سیاسەتمەداراندا.

ئێمە لە کۆمپانیای Westander دەڵێین نەخێر، ڕاگرتنی پەیوەندی لەگەڵ مێدیاکاران و سیاسەتمەدارانی بڕیاردەر زۆر لەوە گرینگترە جێی بهێڵیت بۆ کۆمپانیای «پەیوەندسازی» PR. کاری ئێمەی خاوەن کۆمپانیای «پەیوەندسازی» PR هاوکاریی سازمان و کۆمپانیای دیکەیە بۆ ئەوەی خۆیان تۆڕی خۆیان ساز بکەن، لە مێدیادا بێنە بەرباس و لۆببی بۆ خۆیان ساز بکەن.

## Westander بۆچی باشە؟

چوار هۆکار هەیە ئێمە دەکاتە هاوکارێکی باشی «پەیوەندسازی» PR:

1) دڵسۆزی: ئێمە تەنها ئەو ئەرکانە دەگرینە ئەستۆ کە هەم کۆمپانیای داخواز و هەم کارمەندانی خۆمان لایان پەسەندە. بەم جۆرە دوو خاڵ دەستەبەر دەکەین: هەم سوودی کۆمپانیای داخواز، هەم شادیی کارمەندانی خۆمان لە کاردا.
2) کراوەیی: ئێمە ڕێزمان هەیە بۆ پرۆسەی دیمۆکراتیی کراوە و دەشی پارێزین. هەموو ئەو ئەرکانەی دەیان گرینە ئەستۆ لە بواری لۆبیکاری و میدیاکاریی درێژخایەندا، لە سایتی خۆماندا بڵاو دەکرێنەوە.
3) چوستی: یارمەتی کەسانی داخواز دەدەین بۆ دروست کردنی توانای «پەیوەندسازی» PR ی خۆیان. بەگشتی گەر لایەنی داخواز خۆی هەم کاری ڕۆتین و هەم ڕاگرتنی پەیوەندیی دەرەکی بگرێتە ئەستۆ، خەرجیی کەمترە.
4) کردە: ئێمە کەسانێکی کردە و چالاکین. وامان پێ باشە ڕێنامەی کردەکی دارێژین لە مۆدێلی «کێ چی بکات و کەی؟». ئەمیان بەلامانەوە باشترە لە دۆکیومێنتی گشتپۆشی ستراتیژی،

بەڕێوەبەر
Patrik Westander

## پێڕست


1) 20 ئامۆژگاریی کردەکی دەربارەی نووچە... 9

2) 20 ئامۆژگاریی کردەکی دەربارەی گوتاری گفتوگۆساز...15

3) 20 ئامۆژگاری دەربارەی دانوستان لەگەڵ مێدیادا... 21

4) 20 ئامۆژگاری دەربارەی بەرنامەی «سپێدە باش» ی تیڤی...27

5) 15 ئامۆژگاری دەربارەی ئامادەباشی... 33

6) 5 ئامۆژگاری دەربارەی نووچەیەکی خۆتان دەیزانن... 38

7) 5 ئامۆژگاری دەربارەی نووچەیەکی خۆتان سازی دەکەن...41

8) 5 ئامۆژگاری دەربارەی شێوازی مێدیاکاری... 43

9) 5 ئامۆژگاری دەربارەی مێدیای جڤاکی... 45

10) 15 ئامۆژگاری دەربارەی ئاڕاستە کردنی دەنگوباس... 48

11) 10 ئامۆژگاری دەربارەی سوود وەرگرتن لە دەرفەت... 53

12) 5 ئامۆژگاری دەربارەی دیڤچوونی ڕاگەیاندن... 57

13) 10 ئامۆژگاری دەربارەی نەخش هێنان لە «دیداری شەقڵاوە» دا... 59

14) 10 ئامۆژگاری دەربارەی دانوستانی دەمی سەختانگ (قەیران)... 62

15) 10 ئامۆژگاری گشتی بۆ لۆبییکاری Lobbying ...67

16) 20 ئامۆژگاری دەربارەی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی بڕیاردەر... 72

17) 10 ئامۆژگاری دەربارەی کاریگەری لەسەر یەکێتیی ئەورووپا EU... 79

18) 10 ئامۆژگاری دەربارەی کاریگەری لەسەر بەرەی بەرهەڵستان... 83

19) 10 ئامۆژگاری دەربارەی کاریگەری لەسەر بەرەی حکوومەتی هاوپەیمان 86

20) 10 هەڵەی کلاسیکی لۆبیکاری ... 89
21) 5 ئامۆژگاری بۆ ڕکابەرانی خۆمان... 92

لیستی زاراوەکانی ئەم نامیلکەیە... 95

## 20 ئامۆژگاریی کردەکی دەربارەی نووچە

کۆمپانیای «پەیوەندسازی» PR هەیە نووچە بۆ کۆمپانیای داخواز ئامادە دەکات بە پارەیەکی زۆر. کۆمپانیای داخواز دەبێ وریا بێ و کاری ڕۆتینی وەها نەخاتە ئەستۆی ڕاوێژکارانی «پەیوەندسازی» PR ی دەرەکی. دەشێ سوود لە کلێشەیەکی ساکار وەرگیرێ بۆ فێربوونی داڕشتنی نووچە. ئەمەش گرینگترین ئامۆژگاری ئێمەیە.

وەها بکە

1) بەکار هێنانی لۆگۆتایپ

لۆگۆتایپی خۆتان لە پەرچەمی لاپەڕەی نامە و پەرچەمی ئیمەیلدا دابنێ.

2) مێژووی ڕوون

نووچە کاڵایەکی تازەبابەتە. لەبەر ئەوە لە ژێر لۆگۆتایپی خۆتان بە ڕوونی مێژووی نووچەکە بنووسە بۆ نموونە «پەیام، ڕۆژی 6 ئۆکتوبەر 2009». شێوازی ئاڵۆزی مێژوونووسین بەکار مەهێنە و ناوی ناوچەی خۆتان مەنووسە.

3) سەردێڕی گەش داڕێژە

سەردێڕ دەبێ دروست، کورت، بەهێز و ڕاگەیەن بێت. نابێ لە یەک دێڕ تێپەڕ بکات. خەیاڵبازیی مێدیاکاران بەکار بێنە بۆ دۆزینەوەی سەردێڕی سەرنجڕاکێش.

4) پوختەی باس لە دەستپێکدا

سەرەتا پوختەی سەرلەبەری باسەکە بە پیتی ئەستوور لە 2-4 دێڕدا داڕێژە. سەردێڕ و ئەو پوختەیە دەبێ وەها بێ، ڕۆژنامەکە بتوانێ ڕێک وەک خۆی کۆپی بکات و بڵاوی بکاتەوە.

5) نووچەئاسا دایڕێژە

بەشی هەرە گرینگی باسەکە لە سەرەتای نووچەکەدا دابنێ چونکە ڕۆژنامە، گەر مەبەستی بێ، لە دامێنی نووچە کورت دەکاتەوە. یەک دوو ڕاگواستەی پڕواتا نووچەکە گورج دەکاتەوە و کاریگەرتر دەبێ بۆ میدیا. پاش یەکەم ڕاگواستە، ناو و ناونیشان بنووسە، پاش دوەم ڕاگواستە تەنها ناو.

6) بەستەری فۆتۆ بڵاو بکەوە

ئادرەسی سایت و بەستەری ئەرشیڤی فۆتۆی پەیوەست بە پەیامەکەی خۆت بنووسە. فۆتۆی باش بۆ بڵاو کردنەوەی مفت (بێپارە) دەرفەت ساز دەکات پەیامەکەت لە نووچە دەربچێت و وەک گوتاری فۆتۆدار بڵاو بکرێتەوە.

7) زانیاری بۆ «پەیوەندی گرتن» بنووسە

زانیاری دەربارەی گوتەبێژ و کەسانی دیکەی پەیوەندیداری خۆتان بڵاو بکەوە. لەو زانیارییەدا جگە لە ناوی تەواو، ژمارەی تەلەفۆن و هەروەها ئیمەیل تۆمار بکە.

8) کاروباری خۆتان ڕوون بکەوە

لە دامەنی نووچەکەدا، بە 4-6 دێڕ کاروباری خۆتان ڕوون بکەوە. ئەم بەشەیان بە پیتی بچووک بنووسە بۆ ئەوەی سەرنج لە پەیامەکە نەدزێتەوە بۆ خۆی. لە بیرت نەچێت ئادرەسی سایتی خۆتان لێرەدا بنووسیت.

9) پێشەمی

کارێکی باشە گەر لەگەڵ پەیامنێرێک یان لایەنێکی مێدیاکاردا ڕێک بکەویت. یەکەم جار نووچەکە بۆ ئەوان بچێت و یەکسەر پاش بڵاو کردنەوەی لەلایەن ئەوانەوە ئەوجا بۆ لایەنی دیکە ڕەوانە بکرێت.

10) نووچەکەت بە ئیمەیل ڕەوانە بکە

نووچەکەت بە ئیمەیل ڕەوانە بکە و سەردێڕی نووچەکەت لە خانەی سەردێڕی ئیمەیلەکەدا بنووسە. دەبێ لیستی تازەی پەیامنێر و مێدیاکانت لەلا هەبێت. گەر نیتە پەیدای بکە. بیر لەوەش بکەوە کە دەکرێ نووسەران، کەسانی خاوەن بلۆگ Blog و سایتەکان لەم لیستەیەی خۆتدا تۆمار بکەیت.

11) نووچەکەت لە ئینتەرنێتدا بڵاو بکەوە

هاوکات لەگەڵ ناردنی نووچەکەت بۆ مێدیا، لە سایتی خۆتاندا بڵاوی بکەنەوە. ئەم کارە دوو سوودی هەیە یەکەم ئەوەی نووچەکەتان لە مێدیادا دەبینێ دەتوانێ لە سایتەکەی خۆتان لێی دڵنیا بێت، دووەم لە

سەرەدانی سایتەکەتاندا خەڵکی نووچەی دیکەی زووتریش دەخوێنێتەوە.

12) هەمیشە ئامادەی پەیوەندی بە
لەگەڵ بڵاو کردنەوەی نووچەکەدا دەبێ گوتەبێژ و کەسانی پەیوەندیدار هەمیشە بەردەست بن. ئەگەر ڕۆژنامەوانێک تەلەفۆنی کرد و تۆ دەرفەتت نەبوو وەڵامی بدەیتەوە بە زووترین کات پەیوەندی لەگەڵ بگرەوە.

13) پرسیار و وەڵام ئامادە بکە
پێشکات لیستەیەک بەو پرسیارانە ئامادە بکە کە پێت وایە ڕۆژنامەوان بیری لێ دەکەنەوە. وەڵام دەبێ کورت و ساکار بێت، وەها بێ تەنانەت کەسانی دەرەوەی بواری خۆی لێی تێبگەن. ڕوون کردنەوەی زیاتر لە ژێر سەردێڕی «20 ئامۆژگاری دەربارەی دانوستان لەگەڵ میدیاکاران» -دا بخوێنەوە.

14) میدیای ناوچەیی لە بیرمەکە
کۆمپانیا و سازمانی جۆراوجۆر دەتوانن نووچەی خۆیان بە ئاماری ناوچەیی دەوڵەمەند بکەن و لە میدیای ناوچەییدا بڵاوی بکەنەوە. ناوی شار و شارۆچکە لە سەردێڕ و لە پوختەی نووچەدا دەبێتە خاڵێکی سەرنجڕاکێش لە میدیادا.

خۆت لەم خاڵانە لادە

15) ڕاپۆرتی درێژ

بە هیچ جۆرێک لە یەک لاپەڕەی A4 زیاتر مەنووسە هەتا تێکستەکەت درێژتر بێت مەترسیی کەنار خستنی لە لایەن مێدیاوە زیاتر دەبێ.

16) نووچەی فرەبابەت

نەکەی چەند بابەتێک لە یەک نووچەدا کۆ بکەیتەوە چونکە مەبەستی سەرەکی دەشێوێنێت. وەها باشە هەر نووچەیەک پەیامی خۆی هەبێت.

17) تێکستی ڕێکلام

بە هیچ جۆرێک وشەی جوانکاری و نیشانەی سەرسوڕمان بەکار مەهێنە. ڕێکلام بۆ کۆمپانای خۆت مەکە، ڕێکلامی کۆمپانیا هەر زوو کەنار دەخرێ. تێکستێک پێویستی بە دەستکاری کردن نەبێ لە لایەن مێدیاکارانەوە باشتر جێی خۆی دەکاتەوە.

18) زمان و زاراوەسازیی تایبەتکارانە

پەنا مەبە بەر زمانی گشتاندن، زاراوە و کورتکراوەی تایبەت بە پیشەی خۆتان. هەمیشە تێکستەکە بدە بە کەسێکی دیکە بۆ بژار کردن و بڕیاردان لەسەر خۆشڕەوتی خوێندنەوەی.

19) نووچەی درەنگ

نووچە، پاشنیوەڕوان ڕەوانە مەکە چونکە پەیامنێران ئەو کاتە پڕکارن. گەر فریا ناکەویت، سپێدە یان پێشنیوەڕۆیەکی زوو ڕەوانەی بکەیت، ڕایگرە بۆ ڕۆژی داهاتوو.

20) هەراسانکاریی فرۆشکارانە

هەرگیز تەلەفۆن مەکە و پرسیار بکەیت ئایە نووچەکەی ناردووتە گەیشتوە یان نا؟ باشتر وایە پێشکات پرسیار لە مێدیاکە بکەیت ئایە نووچەکەی تۆیان لا مەبەستە، بۆیان ڕەوانە بکەیت.

## 20 ئامۆژگاریی کردەکی دەربارەی گوتاری گفتوگۆساز

هەر کەسێک بییەوێ نۆرەیەکی (ڕۆڵێکی) چالاکی لە جڤاتدا هەبێت دەبێ لە ڕێی گوتاری گفتوگۆسازی نێو مێدیا وەک شارەزا و پسپۆر خۆی بنوێنێ. مێدیاش جاری داهاتوو گەر ئەو دۆزە هاتەوە پێش، بۆ خۆیان پەیوەندیی لەگەڵ ئەو کەسە دەگرن.

وەها بکە

1) ئاگات لە ڕەوتی گفتوگۆ بێت
بەردەوام گوتاری گفتوگۆسازی ڕۆژنامەکان بخوێنەوە بۆ ئەوەی ئاگات لە ڕەوتی گفتوگۆ بێت و دانەبڕێی. لە ئینتەرنێتدا سوود لە چاودێری ئەلەکترۆنی وەربگرە بۆ چاودێری ئەو جۆرە دەنگوباسانە.

2) دەستپێشخەر بە
کاری وەها بکە بواری شارەزایی و توانای خۆتان بەهەند بگیرێ ئەویش لە ڕێی بەستنەوەی نووچەی خۆتان بە باسێکی گەرمی ناو جڤات بە مەرجێک نەسوابێت. نابێ لە شاپەیامی خۆت دەرچیت بەڵام گۆشەنیگای هەمەجۆر زۆر جار زیاترن لەوەی بە خەیاڵاندا دێت.

3) سوود لە ڕووداوی ڕۆژگار وەرگرە
گوتاری سەرکەوتووی گفتوگۆساز زۆر جار بە دەستەواژەی «ئەمڕۆ...» دەست پێ دەکات. دەشێ گوتارەکە ببەسترێتەوە بە توێژینەوەیەکی نوێ، بڕیارێکی پەرلەمان یان ساڵڕۆژێکی تایبەت. سوود وەرگرتن لەم

ڕاپۆرت و لەو هەڵسەنگاندن و دیڤچوون (بەدواداچوون) ـە، دەشێ ببێتە بنەمای گوتارێکی گفتوگۆساز.

4) نووچەی نوێ پێشکەش بکە
بۆ کەسی خاوەن گوتار، دەربڕینی بیروڕای خۆی زۆر گرینگە، بەڵام سەرنووسەری بەشی گفتوگۆی مێدیاکان (بە تایبەتی مێدیا گەورەکان) گرینگ ئەوەیە نووچەی نوێ بڵاو بکاتەوە بۆ ئەوەی مێدیای دیکە ناویان بێنن. لەبەر ئەوە گرینگە تۆژینەوەی نوێ یان ئاماری بڵاونەکراوەی پەیوەندیدار بە باسەکەی خۆتەوە، بڵاو بکەیتەوە.

5) جەخت بکە لەسەر بەرژەوەندیی گشتی
لە بەڵگەکاریدا جەخت لەسەر بەرژەوەندی گشتی بکە بەڵام بەرژەوەندی خۆیشت مەشارەوە. بە ڕوونی و نموونەی بەرجەستە پێشانی بدە چۆن ئەم دۆزە پەیوەندی بە خەڵکانێکی زۆرەوە هەیە. خۆت دوور بگرە لە ڕیکلام کردن چونکە ڕیکلام شانشی بڵاو کردنەوەی گوتارەکەت کەم دەکاتەوە.

6) بگەڕێ بۆ لایەنی هاوپەیمان
گەر گوتارەکەت بە ناوی چەند لایەنێکەوە بێت باشتر مۆرکی بەرژەوەندی گشتی پێوە دیار دەبێت. دۆزینەوەی هاوپەیمانان کارێکی باشە بەڵام لایەنی دیکەشی هەیە، بۆ نموونە: کاڵبوونەوەی نەخشی خۆتان و ناچاربوونی سازشی وەها کەم کات دەبات و هەم وزە.

7) ناکۆکییەکان پیشان بدە

بە ڕوونی گۆشەنیگای جیاواز پیشان بدە و ئاماژەش بکە بە کەسی بەرپرس لەو بارە. لە میدیادا، سەرنووسەری بەشی گفتوگۆی نیو میدیا شەیدای گوتەی تیژن، بەگشتیش دواگوتە و دواوەڵام دەدەنەوە بەو کەسەی دەروازەی ئەو گفتوگۆیەی کردەوە.

8) سەردیری ڕوون

زۆر جار سەرنووسەر سەردیر دیاری دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا پیشنیازی باشی خۆتان لەوانەیە جیگیر بی. سەردیر دەبی ڕاگەیەن و تا دەکری نەخت و پوخت و سەرنجڕاکیش بی. گەر دەتوانی وشەوازیی زیرەکانە، دەستەواژەی سەیر و چاوەڕواننەکراو بەکار بینە.

9) ڕەوتی نووسینت ڕووەو پیش بیت

لە داڕشتنی گوتاردا هەر بیرۆکەیەک لە کۆپلەیەکدا داڕیژە. شاپەیامی گوتارەکەت دەبی وەک سوورەداو لە هەموو تیکستەکەدا ڕەنگ بداتەوە. لاپەیام (پەیامی لاوەکی) بکە پشتیوان و یاریدەری شاپەیامی گوتارەکە.

10) ڕی بۆ بەردەوامبوون خۆش بکە

لە کۆتای گوتاردا پوختەی شاپەیام بنووسەوە، داوای چارەسەر بکە و کەسیکیش بە بەرپرسیار دیاری بکە و پرسیاریکی تایبەت ئاڕاستەی کەسیکی دیاریکراو بکە، بۆ نموونە وەزیری پەیوەندیدار.

11) هەڵبژاردنی میدیای تایبەت

کەسایەتیی خاوەن گوتار، جۆری پەیام و هەروەها گرووپی ئامانج، دەبنە بناخە بۆ دیاری کردنی جۆری ئەو میدیایەی گوتاری بۆ ڕەوانە دەکرێت. لەبەر ئەوە بەسەر کردنەوەی بەشی گفتوگۆی میدیاکان گرینگە بۆ ئاگاداربوون لەوەی کامە باس لە کامە سەکۆی میدیایدا بازاڕی گەرمە.

12) پێشکات تەلەفۆن بکە

پێشکات تەلەفۆن بۆ سەرنووسەری بەشی گفتوگۆ بکە و باسی گوتارەکەی خۆتی بۆ ڕوون بکە. جەخت لەسەر لایەنی تازەی نێو گوتارەکە بکە، داواشی لێ بکە بە زووترین کات وەڵامت بداتەوە ئایا گوتارەکە بڵاو دەکرێتەوە یان نا، بەتایبەتی گەر گوتارەکە پەیوەستی کات بێت.

13) بە نووچە پشتیوانی لە گوتارەکەی خۆت بکە

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ئەو گوتارە، نووچە بنێرە بۆ میدیای جیاواز بۆ ئاماژە کردن بە گۆتارەکە.

14) هەموار کردنی لەگەڵ هەرێم و ناوچەدا

هەمان گوتار هەموار بکە لەگەڵ بارودۆخی هەرێمی جیاواز و لە میدیای ئەو ناوچەیەدا بڵاوی بکەوە. بەکارهێنانی ناوی ناوچەکە لە سەردێڕی گوتارەکەدا شانسی بڵاو کردنەوەی زیاد دەکات.

15) ئامادەی وەڵامدانەوە بە

دۆکۆمێنتێکی «پرسیار و وەڵام» ئامادە بکە بۆ وەڵامدانەوەی ڕۆژنامەوان. دەستوبرد وەڵامی پرسیار و سەرنجی خەڵک بدەوە. ئەوانە دەرفەتن بۆ ڕوون کردنەوەی پەیامی خۆت و پەرەدان بە گفتوگۆ. گەر دەتەوێ دیدی خۆت لەسەر گوتاری کەسێکی دیکە بڵاو بکەیتەوە، لە ماوەی یەک ڕۆژدا پەیوەندی لەگەڵ سەرنووسەری بەشی ئەو مێدیایە بگرە.

## وریای ئەم خاڵانە بە

16) تێکستەکە درێژە

ئەگەر تێکستەکەت درێژ بێت شانسی بڵاو کردنەوە و خوێندنەوەی کەمتر دەبێ. هونەر لەوەدایە هەلومەرجی ئاڵۆز لە گوتاری کورتدا دابڕێژیت. سەرنووسەری بەشی گفتوگۆ سنوورێکی دیاری کردووە بۆ ژمارەی نیشانە (یان پیت) ی گوتار، ئەو سنوورە مەبەزێنە. گەر دەتوانی هەمان گوتار بە دوو نموونە، یەک کورت و یەک درێژ، دابڕێژە.

17) پاشخان لە سەرەتای گوتاردا

گوتارێک بە پاشخان دەست پێ بکات مەترسی ئەوەی هەیە خوێنەر لە خۆی بڕەوێنێتەوە. دەسپێکی باش بریتییە لە ڕاگەیاندنی شامەبەست

و پوختەی گوتار. زۆر جار سەرنووسەری بەشی گفتوگۆ، خۆیان پوختەی گوتارەکە دادەڕێژن.

18) زمانێکی تایبەتکاری ئاڵۆز

گوتارێک زمانی ئاڵۆز و تایبەتکار بەکار بهێنێت خوێندنەوەی سەختە. زمانی گوتار دەبێ ئاسان بێ و ڕستەی کورت و ڕوون بەکار بێنێ. وێنەکاری و نموونەی کردەکی دەستاوێژی سوودبەخشن.

19) فرەپەیام

گەر گوتارێک چەندین دۆز لە خۆی بگرێ ئەوا شاپەیامی تێدا لاواز دەبێ و ڕەوتی خوێندنەوەی خاو دەبێتەوە. ئەویش دەبێتە هۆکارێک بۆ ڕەت کردنەوەی ئەو گوتارە. گوتار دەبێ تاک پەیام و خۆشڕەوت بێ.

20) تۆنی ناجۆر

لە نووسینی گوتار و وەڵامدانەوەی خەڵکی دیکەدا پەنا مەبە بەر تۆنی توانجهاوێژی ڕووشکێن بۆ ڕەت کردنەوەی بیروڕای بەرانبەر. ڕەفتاری وەها سەنگی خۆت دادەشکێنێت. پەلاماردان و توانجکاری نیشانەی لاوازیی بەڵگەکانی خۆتە.

## 20 ئامۆژگاری دەربارەی گفتوگۆ لەگەڵ میدیادا

گفتوگۆی کەسەکی لەگەڵ میدیاکاری پەیوەندیداردا باشترین ڕێگەیە بۆ بەستنی پێوەندی. لەبەر ئەوە، گەر زۆر ناچار نەبی، داواکاریان ڕەت مەکەوە بۆ دیدار دەربارەی ئەو باسانەی بوارەکەی تۆ دەگریتەوە.

تۆیش دوودڵ مەبە لە پەیوەندی گرتن لەگەڵ میدیادا بۆ دیدار و گفتۆگۆ - میدیا دەرفەت دەدا بە کەسانی توانا خۆیان پێشکەش بکەن و ڕۆژنامەوانیش سوپاسگوزارە گەر یاریدەری هەبێ پەیامی بە شێوازێکی ڕوون بۆ ئامادە بکات. بەو جۆرە تۆ دەبیتە لایەنێک میدیا بەدوایدا بگەڕێ.

کاتێک ڕۆژنامەوان تەلەفۆنت بۆ دەکا

1) دەمودەست تۆماری بکە

ناوی ڕۆژنامەوان، ئەو لایەنەی کاری لێدەکات و هەروەها پرسیارەکانی بنووسەوە / تۆمار بکە.

2) ئایە تۆ کەسی پەیوەندیداریت؟

بیری لێبکەوە بزانە ئایا تۆ باشترین کەسی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەیتەوە. جار هەیە گەر کەسی تایبەتکار وەڵام بداتەوە زمان و دەربڕینی هێندە ئاڵۆزە بۆ ئاپۆڕەی خەڵک دەست نادات، لێڵ و ناڕوونە. جاریش هەیە سەرۆک سازمان لە وەڵامی میدیای تایبەتکاردا، وردەکاریی هونەری و زانستی لا نییە، ئەمیش دەست نادات.

3) داوای دەرفەتێکی دیکە بکە بۆ وەڵامدانەوە
گەر لە وەڵامی دروست دڵنیا نەبووی داوا لە ڕۆژنامەوان بکە دەرفەتت بدات لە ماوەی 15 خولەکدا وەڵامی لێ بگێڕیتەوە. بەم جۆرە کاتت دەبێ ڕاوێژ بە هاوکارانی دیکەت بکەیت، فاکتی پێویست پەیدا بکەیت و بیری خۆت کۆ بکەیتەوە. لە بیرت نەچێت لەو مەودایەی پەیمانت داوە تەلەفۆن بکەیتەوە بۆ ڕۆژنامەوانەکە.

بەر لەوەی بچیتە کۆبوونەوەیەکی بڕیاردراو

4) بیر لە گرووپی ئامانج بکەوە
لە دیداردا تۆ گرووپێکی تایبەتت کردۆتە ئامانج، بۆ نموونە کەسانی بڕیاردەر، فەرمانبەران، کڕیار، ئەندامانی سازمان یان پشکداران. بەگشتی چەمکی «ئاپۆرەی بەرینی خەڵک» دیاری کردنێکی باش نییە بۆ گرووپی ئامانج. ڕۆژنامەوانیش هەرگیز نابنە گرووپی ئامانج.

5) پەیامی خۆت دیاری بکە
مەبەستی خۆت لە لاپەڕەیەکدا بنووسەوە. پەیامەکانت چین؟ کامە دارشتن هەم پوخت و بەهێزە، هەم ڕوون و ئاشکرا؟ لە سێ پەیام پتر مەخە بەرباس.

6) دیدارێکی تێست بۆ خۆت ساز بکە
گەر دیدارەکە بۆ تیڤی یان ڕادیۆیە، لەگەڵ هاوکارێکدا دیدارێکی تێست ساز بکە. هاوکارێک هەڵبژێرە بوێرێ و بتوانێ پرسیاری

سەختت لێ بکات بۆ ئەوەی تۆش بۆ وەڵامی دروست خۆت ئامادە بکەی.

7) شوێنێکی گونجاو هەڵبژێرە

جار هەیە وەها باشە ئۆفیسی خۆت جێ بهێڵیت و لە مەیدانی چالاکیدا دیدارەکەت ساز بکەی. گەر دەزانی فۆتۆگرافیش وێنەت دەگرێ پاشخانێکی باش ئامادە بکە.

## لە کاتی دیداردا

8) یاوەرێکی چاودێر لەگەڵت بێ

لە دیدارەکەدا یاوەرێکت وەک چاودێر لەگەڵ بێت باشە، بەشداری گفتوگۆ نەبێت. پاش دیدارەکە سەرنجی خۆی دەربارەی دیدارەکە، ڕەفتار و گوتاری تۆ ڕوون بکاتەوە بۆ ئەوەی ئاشنای خاڵە گەش و کەمتر گەشەکانی خۆت بیت و بۆ جاری داهاتوو چارەیان بکەیت.

9) خۆت مەکە «قوربانیی دیدار»

پێشکات کەسی بەرنامەساز ئاگادار بکە لەو باسەی تۆ مەبەستتە بێتە بەرباس. پرسیارەکانی بەرنامەساز هەردەم بە دەرفەت بزانە بۆ ڕوون کردنەوەی پەیامی خۆت.

10) مەرج نییە مێدیاکار زانیاریی بەرایی تەواوی هەبێ،

لە کاتی دیداردا چاوەڕێ مەبە ڕۆژنامەوانی بەرانبەرت زانیاریی بەرایی

تەواو هەبێت. بۆ ئەوەی تووشی لێک نەگەیشتن نەبن، چێکی بکە بزانە چەند لە گوتەکانی تۆ دەگات.

11) دەربڕین لە شێوەی نووچەدا

هەردەم شاپەیام بخە دەستپێکی گوتار. زمانێکی ساکار، ڕوون و پاراو بەکار بهێنە و ئەوجا بە نموونەی بەرجەستە دەوڵەمەندی بکە.

12) خۆت لادە لە گوتەی «تێبینیم نییە No Comments»

دەستەواژەی «تێبینیم نییە No Comments» گومان دەورووژێنێ و دەبێتە هاندەری پەیدۆزی. لە بری ئەوە ڕوونی بکەوە بۆ ناتوانیت وەڵام بدەیتەوە، یان داوای کات بکە بۆ کۆ کردنەوەی زانیاریی زیاتر و وەڵامدانەوە لە دەرفەتێکی دیکەدا.

13) خۆت لادە لە باسی «نێوان خۆمان بێت Off the Record»

باسێک مەکە نەتوانی بەرپەرسایتییەکەی بگریتە ئەستۆ. تەنها گفتوگۆی ئاشکرا سەرکەوتووە.

14) ڕاستگۆ بە، قسەیەک مەکە لێی دڵنیا نەبیت

درۆ مەودای کورتە، هەروەهایش بۆچوونی بێ بناخە. تەنها ئەوە بڵێ کە دەیزانیت و لێی دڵنیایت. ترس و شەرمی ناوێت! ئەوەی نایزانیت بڵێ «نازانم».

15) کات بۆ خۆت پەیدا بکە

جار هەیە مرۆڤ لەبەر هەر هۆیەک بێت، دەشڵەژی، یان وەڵامی بۆ نایەت. هەوڵ بدە کات بۆ خۆت پەیدا بکەیت تا خۆت کۆ دەکەیتەوە، بۆ نموونە پرسیاری ڕۆژنامەوانەکە دووبارە بکەوە، یان بە پرسیار وەڵامی بدەوە، بۆ نموونە بڵێ: «مەبەستت چی بوو؟».

16) داوا بکە دیداری تۆمارکراو دووبارە بکەیتەوە

گەر دیدارەکەت تۆمارکراوە و بە دڵی خۆت نەبوو، داوا بکە دووبارە تۆمار بکرێتەوە. بەگشتی داوای وەها ڕێزی لێ دەگیرێ مەگەر کەسی داواکار بەرپرس بێ و قسەی دەرپەڕاندبێ.

پاش دیدار

17) پەلە مەکە لە خاوبوونەوە و پشوودان

دیدارەکەت تەواو نابێت هەتا تۆ و ڕۆژنامەوان لەیەک جودا دەبنەوە. هەر زوو بەر لە جیابوونەوە ڕێ بۆ هەنگاوی نوێ خۆش بکە، بۆ نموونە بە ڕۆژنامەوانی ڕابگەیەنە کە بەم زوانە چالاکییەکی تایبەتی نوێتان هەیە.

18) داوای ڕاگواستەکانی ڕۆژنامەوانەکە بکە

بۆت هەیە داوا بکەیت ئەو ڕاگواستانەی ڕۆژنامەوان بەنیازە تێهەڵکێشی بەرنامەکەی تۆی بکات، ببیستیت و بخوێنیتەوە. گەر

دەزانیت پێویستە ئەوا دەتوانیت سوود لەم دەرفەتە وەربگریت، بەڵام وەک داخوازی باسی لێ بکە نەک مەرج.

19) دەستخۆشی و وەڵامی ئایەتی

گەر دیدارەکەت / گوتارەکەت لا باش بوو، بە ئیمەیل دەستخۆشی لە ڕۆژنامەوانەکە بکە و ئاگاداریشی بکە لە هەوڵ و دەرفەتی ئایەندە.

20) خۆت لە سەرزەنشت و وەڵامدانەوەی نایەتی دوور ڕاگرە

گەر دیدارەکەت / گوتارەکەت ناجۆر دەرچوو یان دەستکاری کرا بە پێچەوانەی خواستی تۆ، داوا لە کەسێکی بێلایەن بکە بارەکە هەڵسەنگێنێت، ئایە دەهێنێت ڕۆژنامەوانەکەی لێ ئاگادار بکەیتەوە یان نا. زۆر جار زیانی ئەو جۆرە دیدار و گوتارانە کەمترە لەوەی ئێمە پێمان وایە.

## 20 ئامۆژگاری دەربارەی بەرنامەی «سپێدە باش» ی تیڤی

زۆر کەس لە بەرنامەی ڕاستەوخۆی تیڤی دەترسن. باشترین ڕێگە بۆ خۆ ڕاهێنان، بەشدارییە لەم بەرنامەیەدا. مرۆڤ فێر دەبێ ئارامیی خۆی ڕاگرێت، خۆی بێت، ڕاستگۆ و ڕوون بێت. ئەمەش چەند ئامۆژگارییەک بۆ بەشداربوانی بەرنامەی «سپێدە باش» ی تیڤی.

1) سێ پرسیار ڕیز بکە

کاتێک مێدیاکارێک داوات لێ دەکات میوانی بەرنامەیەکی «سپێدە باش» ی تیڤی بیت، سێ پرسیار بۆ خۆت ڕیز بکە:

- کامەیە ئاڕاستەی دەنگوباس؟
- بۆچی ڕێک من بانگهێشت کراوم؟
- کێی دیکەش بانگهێشت کراوە؟
- ئەگەر تۆ دەست پێشخەریت و داوای بەرنامەیەکی لەو بابەت کردوە ئەوا دەبێ وەڵامی سەرنجڕاکێش بۆ ئەو پرسیارانە ئامادە بکەیت.

2) وریای کات بە

پرسیار بکە بزانە چەند کات بۆ تۆ تەرخان کراوە بۆ ئەوەی خۆت بە باشی ئامادە بکەیت. لەگەڵ ئەوەشدا ئامادە بە گەر ئەو هەشت خولەکەی بۆت تەرخانە بوو بە چوار یان تەنها دەرفەتی یەک دوو ڕستەی هەبوو. ڕستەکانت نەخت و پوخت بێت.

3) شاپەیامی خۆت داڕێژە

لە تیڤیدا کات هەمیشە کەمە. لەبەر ئەوە گرینگە شاپەیامی خۆت بە جوانی ئامادە بکەیت. دەستەواژەی نەخت و پوخت ئامادە بکە کە بەڕوونی شاپەیامی خۆتان ڕاگەیەنێت.

4) نمونەی بەرجەستە ئامادە بکە

نمونەی بەرجەستە بەکار بێنە بۆ پشتیوانی لە شاپەیامی خۆتان. نمونەی بەرجەستە بۆ ڕوون کردنەوەش سوودی هەیە.

5) داوای یارمەتی لە هاوکارانت بکە

داوا لە هاوکارانت بکە چاو بە گوتارەکەی تۆدا بخشێننەوە. بەڵام لە بیرت نەچێ تەنها داڕشتن و دەستەواژەی خۆت بەکار بهێنی. نەکەی بەر لە دەستپێکی بەرنامە داڕشتنی کەسێکی دیکە بەکار بێنی. چونکە دوور نییە توشی شڵەژان و پەشۆکانت بکات.

6) جوان بیر لە پرسیارەکان بکەوە

باش نییە پێشکات داوای پرسیارەکان بکەیت. باشتر وەهایە پرسیار بکەیت ڕەوتی دیدارەکە بەگشتی چۆنە. خراپیش نییە گەر بزانیت یەکەم پرسیار چییە.

7) ئامادەبە بۆ وەڵامدانەوەی ڕەخنە

گەر ناگۆکییەک هەیە لە نێوان ئەوەی تۆ مەبەستتە بیڵێیت لەگەڵ ئەوەی ڕۆژنامەوان مەبەستیەتی بیزانێت ئەوا دەبێت خۆتی بۆ ئامادە بکەیت. نەک بۆ ئەوەی خۆت لە پرسیارەکان لادەیت، بەڵکە بۆ

ئەوەی ڕاستگۆیانە و بێ شڵەژان وەڵامی پرسیاری ڕەخنەئامێز بدەیتەوە.

8) پێش بە ڕەخنە بگرە

گەر دەزانیت ڕۆژنامەوانەکە ڕەخنەیەکی لە خەیاڵدایە وەها باشە پێشی پێ بگری و خۆت بە دەستەواژەی خۆت ڕەخنەکە پێشکەش بکەیت. بەو جۆرە ئاسانترە شێواز و کاتی وەڵامدانەوەی ڕەخنەکە دیاری بکەیت.

9) ئامادەی خۆ گونجاندن بە

لە پەخشی ڕاستەوخۆدا زۆر جار گۆڕانکاری خێرا دێتە پێش و بەشداربوان ناچارن خۆیانی لەگەڵدا بگونجێنن. لەبەر ئەوە گرینگە زۆر بە باشی خۆت ئامادە کردبێت. گوتارەکەی خۆت بە دوو جۆر، یەک کورت و یەک درێژ دارێژرابێت.

10) هوشیارانە پۆشاکت هەڵبژێرە

بیر لە پۆشاکی ئەو دیدارەت بکەوە. داوای سەرنج و تێبینی لە هاوکارانت بکە. دەبێ پۆشاکت لەو دیدارەدا ڕێک بێت لەگەڵ ئەو پەیامەی مەبەستتە ڕایگەیەنیت. خشڵ و بەرگی ناجۆر مەپۆشە.

11) لە کاتی خۆیدا ئامادەبە

لەکاتی خۆیدا بگە جێی مەبەست. وەها بێت پێ ڕابگەیت خۆت ئارام بکەیتەوە. سوود لە دەرفەت وەرگرە، ڕۆژنامە بخوێنەوە، وردە گفتوگۆ

لەگەڵ ڕۆژنامەوانان بکە و پەیوەندی تازە پەیدا بکە. ئەگەر خۆت باش ئامادە کردووە کات بە فیرۆ مەدە بەوەی دووبارە بە بەڵگەکاریەکانی خۆتدا بچیتەوە.

12) ڕێ بدە ڕوخسارت پۆدرە بکەن
ڕێ لە کارمەندانی ستۆدیۆ مەگەرە ڕووخسارت پۆدرە بکەن. ڕووخساری بریقەدار یان کرچوکاڵ لە چاوان دەچەقێ و سەرەنجی بینەران دەدزێتەوە.

13) ڕاستەوخۆ بە
کەسێکی ڕاستەوخۆ بچێتە باسەکەی خۆیەوە سەرکەوتووترە لەوەی پاشخانێکی ئاڵۆز بۆ باسەکەی خۆی بنەخشێنێت.

14) گوتارت ڕوون و خۆشڕەوت بێت
گوتارت کورت و ئاشکرا بێت. خۆت لە وشەی سەخت و زاراوەسازیی پیشەبەند دوور ڕاگرە. ئەو کەسەی کەمێک دوودڵ و خاوە، دەرفەتی گوتاری بەرتەسکترە. ئاخێوەری پەلەدوو خەڵکی لێی تێناگەن. بۆیە گرینگە گوتارت خۆشڕەوت بێت.

15) جوان گوێ بگرە و وەڵامت ژیرانە بێت
جوان گوێ لە بەرنامەساز و میوانی دیکەی بەرنامەکە بگرە و خۆت خەریک مەکە بە دارشتنی گوتەی داهاتووی خۆت. نابێ لە وەڵامی یەکەم پرسیاردا سەرلەبەری پەیامەکەی خۆت ئاشکرا بکەیت. لەگەڵ

ئەوەشدا ئامادەبە گەر کات نەما بە کورتی پوختەی پەیامەکەت ڕاگەیەنیت.

16) نۆرەی خۆت ڕاگرە

بۆ ئەوەی ڕێ نەدەی کەس قسەت پێ ببڕێ دەتوانی هونەرێکی تایبەت بەکار بێنیت، بۆ نموونە لە دەسپێکی قسەدا بڵێیت «... ئەم باسەش سێ هۆکاری هەیە». بیسەر چاوەڕێی ئەو سێ خاڵە دەکات و قسەت پێ نابڕێت. دەشتوانی کورتەوچان لە شوێنی چاوەڕواننەکراودا وەربگریت بۆ نموونە «من پێم وایە ... (وچان) ...». سوود لە ڕەفتاری سیاسەتمەدارە ئازموودەکان وەر بگرە.

17) سەیری ئاخێوەر بکە

سەیری کەسی ئاخێوەر بکە، چ بەرنامەساز بێت چ وەک تۆ میوانی بەرنامە بێت. گەر وەها نەکەیت نیشانەی خەمساردی یان شڵەژان پێشان دەدەیت. هەرگیز سەیری کامێرا مەکە.

18) زمانی جەستە بەکار بێنە

پاڵ مەدەوە، کەمێک نووشتانەوە بەرەوە پێش نیشانەی دڵگەرمییە. بە ئاماژەیەکی لەش جەخت لەسەر گوتەی گرینگ بکە. نەرمەخەندە نیشانەی ئاسوودەگییە.

19) بیر لە بینەرانی تیڤی مەکەوە

بۆ ئەوەی تووشی شڵەژان نەبیت، بیر تەنها لە بەرنامەساز و بەشدارانی

گفتوگۆ گیر بکە. بیر لە فۆتۆگراف، کامێرامان، میوانانی ستۆدیۆ و بە تایبەتیش بینەرانی تیڤی مەکەوە.

20) تۆماری بکە و هەڵی بسەنگێنە

دیدارەکەت تۆمار بکە و پاشان لەگەڵ چەند هاوکارێکدا هەڵی بسەنگێنن. چیت باش بوو؟ چیت کەمتر باش بوو؟ بۆ جاری داهاتوو وریای چی بیت باشە؟

## 15 ئامۆژگاری دەربارەی ئامادەباشی

دەبێ زۆرباش خۆت ئامادە کردبێت بۆ جێگرتن لە دنیای مێدیادا. ئامادەباشییەکی دروست جێپێت پتەوتر دەکات.

ئامادەباشی ستراتیژی

1) مەبەست دیاری بکە
دەرکەوتن لە مێدیادا هۆکاری هەمەجۆری هەیە، دەرنەکەوتنیش بایەخی خۆی هەیە. ئایا کۆمپانیاکەمان مەبەستییەتی کڕیار ڕاکێشێ، ناو دەرکات یان هاوکاری نوێ پەیدا بکات؟ ئایا سازمانەکەمان مەبەستییەتی ئەندامی تازە پەیدا بکات، پارە کۆ بکاتەوە، کاریگەریی درێژخایەنی هەبێت لەسەر ڕای گشتی یان خێرا کار لە بڕیارێکی ئێستە بکات؟ مەبەست لەم مێدیاکارییە بڕیار دەدات پەیام چی بێت و گرووپی ئامانج کێ بن.

2) گرووپی ئامانج دیاری بکە
گرووپی جیاواز، خاوەنی زمان و نرخاندنی جیاوازن، خاوەنی بیروڕا و زانیاریی بەرایی جیاوازن. کاتێک گرووپی ئامانج دیاری دەکەیت گرینگە زانیاریی تەواو دەربارەی ئەوە گرووپە پەیدا بکەیت. زۆرجار مرۆڤ بە هەڵەدا دەچێ و پێی وایە هەموو شتێک دەربارەی گرووپەکەی خۆی دەزانێ، یان پێی وایە ئەو گرووپەی هەڵی بژاردووە وەک خۆی بیر دەکەنەوە.

3) پەیامەکەت دارێژە

شاپەیامێک بۆ خۆت دیاری بکە و لە هەموو دانووستانێکدا وەک سوورەداو پێشانی بدە. شاپەیام ورد بکەوە بۆ چەند لاپەیامێکی بەرجەستە.

4) میدیایەکی دروست هەڵبژێرە

ئەندازە و تایبەتمەندیی گرووپی ئامانج داوای میدیای تایبەت دەکات. بە وردی چاودێریی میدیا بکە بۆ ئەوەی بزانی کام میدیا گونجاوە و کام زمان و جۆری نووچە دەست دەدەن.

5) میدیاکاریی زووتر هەڵسەنگێنە

پەیوەندییەکانی خۆت لەگەڵ میدیادا و هەروەها میدیاکارییەکانی خۆت هەڵسەنگێنە چەند پرسیارێکی لەم جۆرە لە خۆت بکە «چۆن توانیمان ئەم پەیامە بڵاو بکەینەوە؟»، «میدیای جیاواز چییان دەربارەی ئەم پەیامە بڵاو کردەوە و بۆچی؟» وەڵامی ئەم پرسیارانە لە شێوەی ڕاپۆرتێکدا دارێژە.

6) شرۆڤەی ڕکابەرانی خۆت

لە میدیاکاریی ڕکابەرانی خۆت ورد بەوە و سوود لە ڕەفتاریان وەرگرە. مێتۆدەکانیان کۆپی بکە بەڵام باشتر بەکاریان بهێنە.

7) توانای میدیاگەریی خۆتان شرۆڤە بکە

توانا و دەرفەتی میدیاگەریی خۆتان شرۆڤە بکە، بۆ نموونە سوود لە

بەرهەمێک یان دۆزێک وەربگرە لای مێدیا سەرنجڕاکێش بێت، یان سوود لە کەسێک وەربگرە لە مێدیادا نەخشی هەبێ. ئەوجا باش ئاگاداری خاڵە لاوازەکانی خۆتان بە، ئاگات لە مەترسییەکان بێت، بۆ نموونە کەمی توانا، کەمسەنگی لای ڕۆژنامەوانان، یان ئامانجێک نەتوانن پێی بگەن.

8) ئامانجێکی مێدیاکاری بۆ خۆت دیاری بکە
ئامانجی بەرجەستە و بەرپێوان (بتوانی بیپێوی) لە بواری مێدیادا بۆ خۆت دیاری بکە و ناوناوە بیان پێوە. ئامانج نابێ تەنها مێدیاکاریی زیاتر و فرەوانتر بێت، بەڵکوو دەبێ بگاتە ڕادەیەک تێیدا ئێوە ببنە لایەنێکی دامەزراو. ئەو دەم دەبنە کارزانێک مێدیا ناچارە، هەر جار بابەتی مەبەست بێتە بەرباس، پەیوەندیتان لەگەڵ بگرێ.

ئامادەباشیی کردەکی

9) پلانێکی مێدیاکاری داڕێژە
بۆ ئەوەی بیرۆکەی باش لە دەست نەچێت و هەروەها بۆ ئەوەی نووچەی سەرنجڕاکێش بگاتە مێدیا، دەبێ پلانێکی مێدیاکاری کاتبەند و بەرجەستە بێتە داڕشتن. کاروباری خۆتان بکە سەرشار و دەرفەتی دیکەشی بخە پەنا. بۆ کاری پێویست کەسی بەرپرس و کاتی ئەنجامدان دیاری بکە. ئەم پلانە دەمدەم نۆژەن بکەوە.

10) لیستی ئیمەیل ئامادە بکە
لیستی ئیمەیل ئامادە بکە بۆ ناردنی نووچە، دەرفەتیش ساز بکە ڕۆژنامەوانان و کەسانی دیکەی پەیوەندیدار لە سایتەکەتانەوە ناوی خۆیان لای ئێوە تۆمار بکەن.

11) لیستێک بە ناوی ڕۆژنامەوانان ساز بکەن
لە ئەرشیڤاندا بگەڕێ بۆ ناوی ڕۆژنامەوانی بواری جیاواز و لیستیان بۆ بگرە. ماوەماوە ئەو لیستانە نۆژەن بکەوە. ئەمانە ڕۆژنامەوانێکن دەشێ پێش هەموان پەیوەندیان لەگەڵ بگری و نووچەیان بۆ ڕەوانە بکەی.

12) چاودێریی مێدیا ساز بکە
سیستەمێکی وەهای چاودێریی مێدیا ساز بکە کە تواناتان هەبێ بەڕێوەی بەرن. بەرنامە هەیە تایبەت بەم باسە. سازمانی خۆتان ئاگادار بکەونەوە لە کاری مێدیاگەریی سەرکەوتووی خۆتان.

13) کلێشەیەک بۆ نووچە ئامادە بکە
کلێشەیەکی ستاندار بۆ نووچە ئامادە بکە، نووچە نابێ درێژدادڕ بێ. داڕشتنی نووچە دەبێ شێوازێکی ڕۆژنامەوانی هەبێ، دەبێ سەردێڕ و پوختەی هەبێ، ئەوجا بەشی فاکت و ڕاگواستەی کەسانی خاوەن سەرنج. خۆت دوور ڕاگرە لە ڕاناوی پەسنئامێز و ڕیکلام و هەروەها نیشانەی سەرسوڕمان.

14) گوتەبێژ دیاری بکە

کەسێک وەک گوتەبێژ دیاری بکە. ئاخاوتنی گوتەبێژ لە نووچەدا بڵاو دەکرێتەوە. کەسێکیش دیاری بکە بە بەرپرسی پەیوەندی. هەتا ژمارەی گوتەبێژ و و بەرپرسانی پەیوەندی کەمتر بێت و دەسەڵاتیان زیاتر بێت، باشترە. زۆر گرینگە ئەو کەسانە مەبەستیان بێ پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژنامەوانان بگرن و پێشەمیش بدەن بەم کارە.

15) سوود لە سایتی خۆتان وەربگرە

بە مەبەستی کاراسانی بۆ ڕۆژنامەوانان وەها باشە «مێدیاخانە» یەک لە سایتەکەتاندا هەبێت، تێیدا:

- نووچە
- گوتاری گفتوگۆسازی بڵاوکراوە
- زانیاری دەربارەی گوتەبێژ و بەرپرسانی پەیوەندی
- فۆتۆی مفت (بۆ بڵاوکردنەوەی بێ بەرانبەر) بە فۆرماتی جیاواز بۆ جۆرە مێدیای جیاواز، ئامادە بێت.
- پوختەی گوتاری کەسانی دیکە دەربارەی ئێوە لەگەڵ بەستەر (لینک) بۆ سەرلەبەری ئەو گوتارانە.

سایتەکەتان دەبێ بەردەوام نۆژەن بێ، دوایین نووچە و گوتاری تێدا بڵاو کرابێتەوە. پوختەی گوتاری خەڵکی دیکە نابێ لە لە شەش دێڕ زیاتر بێ دەنا ناچار دەبیت داوای مۆڵەتی تایبەت لە نووسەرەکانیان بکەیت.

## 5 ئامۆژگاری دەربارەی نووچەیەکی خۆتان دەیزانن

کاروباری کۆمپانیاکەتان چەندین دەنگوباس و نوچەی لێ شین دەبێ ئەو دەرفەتانە لە دەست مەدەن.

1) ئامار

مێدیا شەیدای نیشانەی ڕێژەی سەدی % یە. ئەمیان ڕەنگدانەوەی گوتەی سەنگین و بابەتەکییە، پێشانی دەدات کە تۆژینەوە لەسەر بابەتەکە کراوە و ئاڕاستەی ڕەوتی پێشان دەدات. ئەوەی ئامار پێشکەش دەکات بۆی هەیە شرۆڤەشیان بکات.

2) دەستکەوتی ئابووری

مێدیای ئابووری دەستکەوتی ماددی کۆمپانیاکان پێشان دەدات، پێشاندانی دەستکەوتە ئابوورییەکان دەبێ بە دید و سەرنجی، هەم خاوەن کۆمپانیا و هەم چاودێرانی دیکەی دەرەکی دەوڵەمەن، بکرێ.

3) کارمەندی نوێ و دەستەی ڕێبەری نوێ

گۆڕانکاری لە کارمەندان و دەستەی ڕێبەردا زۆرجار جێی سەرنجن لای مێدیا، بە تایبەتی گۆڕینی سەرۆک و بەرپرسی باڵا. لە مێدیای ناوچەییدا نووچەیەک دەربارەی کەسێکی ئەم ناوچەیە بووبێتە بەرپرسێکی باڵا لە سازمانێکی میللیدا، جێی سەرنجە. هەم سازمان و هەم کۆمپانیا دەبێ بەردەوام دەنگوباسی گۆڕانکاری لە ستافی کارمەندانی خۆیدا بۆ مێدیا بڵاو بکاتەوە. دەنگوباسی وەها لە زۆر ڕۆژنامەدا خوێنەری هەیە.

4) دەنگوباسی دیکەی کۆمپانیا

گەر گرێبەستێکی گەورە لەگەڵ لایەنێکی نوێدا واژوو بکرێت، دەبێتە دەنگوباسێکی سەرنجڕاکێش. گرێبەست بە تایبەتی گەر تازەکاری و سوودی میللی هەبێت بەلای مێدیاوە گرینگە. مێدیا ئامادەیە ڕاپۆرت دەربارەی کاری سەرکەوتوو بڵاو بکاتەوە بەتایبەتی گەر لە بواری دەگمەن و چاوەڕوان نەکراودا بێت.

باسی وەک سەرمایەگوزاریی دەرەکی، بەرهەمی تازە، بواری کاری تازە و هەروەها لێکدانی چەند کۆمپانیایەک، دەنگوباسی گرینگن.

کەمپێنی بازاڕدۆزی (هەڵمەتی وردبوونەوە لە ڕەوتی بازاڕ) خۆی لە خۆیدا بایەخێکی مێدیایی هەیە، هەم بەر لە دەستپێک و هەم لە کۆتادا، دەمەو بڵاو کردنەوەی هەڵسەنگاندنی ئەو کەمپێنە. تەنانەت پلانڕێژی بۆ پڕۆژەی جددیی داهاتوو دەبێتە جێی سەرنجی مێدیا گەر ژمارە و فاکتی و بەرپرسایەتی ئاشکرای لەگەڵدا بێ.

5) دەنگوباسی دیکەی سازمان

کۆبوونەوەی ساڵانە، پڕۆژەی ستراتیژی نوێ و چالاکی تایبەت دەشێ جێی سەرنجی مێدیا بن. کەمپێن بە مەبەستی کاریگەری لەسەر بڕیاری سیاسی سەرنجی مێدیا ڕادەکێشن. زیادبوونی ژمارەی ئەندامان دەبێ لە چێوەی گونجاودا پێشانی مێدیا بدرێ، ئایا ئەو زیادبوونە بەشێکە لە ڕەوتی سازمانەکەتان یان دیاردەیەکی دەگمەنە. دەستکەوتی گەورەی پارە

کۆ کردنەوە هەم لەکاتی پرۆسەکەدا و هەم لە کۆتای ساڵدا دەنگوباسی باشن. ئامانج گۆڕین و ئاڕاستە گۆڕین دەشێ ببنە دەنگوباسێکی گەورە. هەرچۆن بۆ کۆمپانیا گرێبەست و پلانی نوێ گرینگن بۆ سازمانیش هەروەها، هەنگاوی نوێ دەبنە مایەی سەرنجی مێدیا.

**5 ئامۆژگاری دەربارەی دەنگوباسێکی خۆتان سازی دەکەن**

داهێنان و دووربینی دەستاوێژن بۆ ساز کردنی دەنگوباس ئەویش بە مەبەستی پەیدا کردنی دەرفەت بۆ بڵاو کردنەوەی پەیامی خۆت.

1) خەڵات

مێدیا شەیدای خەڵات کردنە. چ تۆ خەڵات بکرێیت و چ تۆ کەسانی دیکە خەڵات بکەیت بەلای مێدیاوە سەرنجڕاکێشە. خەڵات مەرج نییە گرانبەها بێت بۆ ئەوەی سەرنجڕاکێش بێت.

[بۆ نموونە: ڕێکخراوی «کۆمەک» ساڵی 2008 خەڵاتی «کوردی ساڵ» ی سوێدی وەرگرت. خەڵاتی «کوردی ساڵ» لە لایەن نوێنەرایەتیی باکووری ئەورووپای ئەو دەمەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبەخشرایە کەسان و سازمانگەلی سکاندیناڤیی خاوەن نەخش لە خزمەتی کوردستاندا].

2) تۆژینەوەی خۆماڵی

دەستەواژەی (تۆژینەوەی نوێ) بۆ مێدیا و ڕۆژنامەوانان جێی سەرنجە. ڕۆژنامەی گەورەی جیهانی لە بەشی گفتوگۆدا ئاماژە بە تۆژینەوەی نوێبابەت دەکەن.

3) ئاماری دەرەکی

فەرمانگەی حکوومەتی و لایەنی دیکەی نێو جڤات زانیارییەکی زۆر بەرهەم دێنن، دەشێ بکرێنە بابەتی مێدیاکاری. بۆ نموونە وەزارەتی

فێرکاری (پەروەردە و خوێندنی باڵا) ئاماری فێرگە، زانکۆ، فێرخواز، مامۆستا- یان هەیە. تۆ دەتوانیت سوود لە ئەو ئامارە وەربگریت بۆ تۆژینەوە و کاری تایبەت لە ناوچەی جیاوازدا. ئەوجا بەرهەمی کاری خۆشت لە مێدیای پەیوەندیداردا بڵاو بکەیتەوە.

4) ڕاپرسی
مێدیا زوو زوو ڕاپرسی دەربارەی بواری جۆراوجۆری جڤاکی بڵاو دەکاتەوە. زۆر جار سازمانی پەیوەندیدار داوای ڕووماڵی ڕاپرسی دەکات. ڕاپرسی باسێکی زۆر گرانبەها نییە. بۆ ئەوەی بزانیت ڕای گشتی دەربارەی فلانە پرسیار مەیل و ڕەوتی چۆنە، ئەم ساڵ ڕاپرسییەک بگرە و ساڵی داهاتوو دووبارەی بکەوە، ئەنجامی هەردوو ڕاپرسی بەراورد بکە. دەشێ پرسیارەکان ئاڕاستەدۆزبن بەڵام نابێ زۆر بە ئاشکرا ڕێنوێن بن.

نموونەی ڕاپرسی: «75% پێیان وایە کەسانی مۆزیسێن مافی خۆیانە پارە بەرانبەر ئەو بەرهەمانەی خۆیان وەرگرن کە لە مێدیا و ئەنتەرنێتدا بڵاودەکرێتەوە. ئەمە دەرئەنجامی ڕاپرسییەکە لەسەر داواکاریی سازمانی Stim سازکراوە».

5) ئەوەی چارەسەرێکی بەرجەستەی نوێ بۆ کێشەیەکی گشتگیر بدۆزێتەوە دەبێتە جێی سەرنجی مێدیا. پێشنیازی سازەندە پتر جێی سەرنجی مێدیان، نەک کڕوزانەوە و لافەرمانی.

## 5 ئامۆژگاری دەربارەی شێوازی مێدیاکاری

شێوازی هەمەجۆر بەکار بێنە بۆ مێدیاکاری، شێوازی جۆراوجۆریش تێهەڵکێش بکە. هەمان دەنگوباس دەشێ ببێتە سەرچاوەی چالاکیی جیاواز. بڵاوکردنەوە لە چەند کەناڵێکی جیاوازدا دەبێتە مایەیی ڕاهێزانی پەیامەکەت.

1) نووچە

نووچە چەندین کارکرد Function ی هەیە. مرۆڤ ناچارە پەیامی خۆی نەخت و پوخت داڕێژێ، نووچە دەشێ ببێتە کۆڵەکەی ڕاپۆڕتەکانی کۆمپانیاکە. دەبێ لە سایتی خۆتاندا بڵاو بکرێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەوانی ئارەزوومەند سوودی لێ وەربگرن. نووچە ئامرازێکی باشە بۆ دەرکەوتن لە مێدیادا، بەڵام تاکە ئامراز نییە.

2) دەنگوباس لە ڕێی ڕۆژنامەوانەوە

جار هەیە وەها باشە نووچە بنێری بۆ ڕۆژنامەوانێکی تایبەت و پاش ئەوەی ئەو نووچەکە بڵاو دەکاتەوە ئەوجا بینێری بۆ مێدیا بە گشتی. لەوانەیە مێدیای گشتی نووچەکە وێڵ بکەن، لەبەر ئەوەی تازە بڵاوکراوەتەوە بەڵام لەوانەیشە پتر جێی سەرنج بێت بەتایبەتی ئەگەر زانیاری تازەی لەتەک بێ.

3) کۆنفرانسی مێدیاگەری

ڕاکێشانی ڕۆژنامەوان بۆ کۆنفرانسی ڕۆژنامەگەری پێویستی بە دەنگوباسێکی گرینگ هەیە، دەنا بە فیرۆدانی کات و توانایە. بەر لە بەستنی کۆنفرانسی مێدیاگەری دەبێ ئامادەباشی تەواوی بۆ کرابێت. لە بانگهێشتنامەکەدا بە کورتی باس لە ناوەڕۆکی کۆنفرانسەکە بکە بێ ئەوەی نهێنی دەنگوباسەکە

بدرکێنیت. وەها باشە لە شێوازی زنجیرەخاڵدا باس لەو پرسیارانە بکەیت کە لە کۆنفرانسەکەدا وەڵامیان دەدرێتەوە.

4) گوتاری گفتوگۆساز و نامەی خوێنەران
گوتاری گفتوگۆساز نەخشی گرینگی زۆرە. ڕا دەربڕین دەتکاتە کەسێکی بیرکار و شارەزا لەو بوارەدا. بەوەش دەبیتە کەسێک مێدیا خۆی بەدواتدا بگەڕێت. تۆ دەتوانی گفتوگۆ لە جڤاتدا بکەیتەوە و مێدیای دیکەش دوات بکەون.

نامەی خوێنەران ناگاتە ئاستی گوتاری گفتوگۆساز، بەڵام خوێنەری زیاترە، بە تایبەتی لە مێدیای ناوچەییدا. نامەی خوێنەران دەبێ کورت و دلێرتر بێ. هەتا کورتتر بێ شانسی بڵاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەکاندا زیادترە.

5) مێدیای جڤاکی
«بلۆگ» Blog کەناڵێکی مێدیاگەریی تایبەتە. کات و کاری زۆری دەوێ تا بازنەیەک لە خوێنەرانی تایبەت بۆ بلۆگی خۆت پەیدا دەکەی بەڵام هەروەک چۆن دەتوانی ڕۆژنامەوانێکی ناودار ئاگادار بکەی لەو دەنگوباسەی خۆت مەبەستتە، هەروەهاش دەتوانی «بلۆگ» ێکی ناودار ئاگادار بکەی و هانی بدەی باسەکەت بڵاو بکاتەوە. گەر دەتەوەێ بگەیتە گرووپێکی تایبەت ئەوا بلۆگ یان «جڤات Community» ی ئینتەرنێت کەناڵی کاریگەرن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خاڵی «10 ئامۆژگاری دەربارەی مێدیاگەریی جڤاکی».

**10 ئامۆژگاری دەرباری میّدیای جڤاکی**

ئینتەرنێت سەکۆیەکی گرینگە بۆ دانووستان و کاریگەری. گەر ئەو گرووپەی تۆ مەبەستتە لە ئینتەرنێتدا جێی هەیە ئەوا دەبێ تۆش جێگە بگریت.

1) کارێک بکە بدۆزرێیتەوە

ناوی سازمانەکەی خۆتان لە گوگڵ Google بدە. گەر لە یەکەم دە بەرکەوتدا ئێوەی تێدا نەبوون ئەوا بوونتان نییە. کەواتە دەبێ ناوی سایتەکەتان لە مۆتۆڕەکانی پەیدۆزیدا گورج بکرێتەوە.

2) دەست ئاوالا بە

لە سایتەکەی خۆتاندا بابەتی هەمەجۆری وەک گوتار و فیلم و فۆتۆگرافی مفت دابنێ بۆ ئەوەی کەسانی دیکە بتوانن بێ بەرانبەر سوودی لێ وەرگرن. جگە لە سایتی خۆتان سوود لە YouTube و Flickr و سایتی جڤاکی دیکە وەربگرە.

3) میوان ڕاکێشەوە

گەر بەرهەم لە سایتی دیکەدا بڵاو دەکەیتەوە بەستەر (لینک) ی سایتەکەی خۆتی لەتەک بێت بۆ ئەوەی خوێنەر بە ئاسانی بگەڕێتەوە سایتەکەتان.

4) ئاگادار بە

ڕووماڵێکی ئینتەرنێت بکە بزانە کامە بلۆگ سەرگەرمی ئەو بوارەی ئێوەیە. Google و پرۆگرامی دیکەش ڕاژەی ساکار و مفت (خۆڕایی)

یان هەیە بۆ دۆزینەوەی بلۆگ بە وشەی تایبەتی کە خۆت دیارییان دەکەیت.

5) کەسانی بلۆگکار بانگهێشت بکە

نووچەکانی خۆتان وەها بگونجێنە کەسانی بلۆگکار ئاوڕی لێبدەنەوە. دەکرێ پێشکات نووچەکەیان پێشان بدەی و دید و سەرنجیان وەربگری، بەڵام دەشبێ بزانی کە کەسانی بلۆگکار ڕۆژنامەوان نین، ئەوان مەبەست و ڕۆژەڤی دیکەیان هەیە.

6) مێدیا ڕاو دەکات

مێدیای کلاسیک چاوی لەسەر مێدیاگەریی جڤاکییە، زۆر زوو بابەتی نێو بلۆگی جیاواز ڕاو دەکا. تۆش دەتوانی ئاگاداریان بکەی لەوەی بابەتەکانی ئێوە لە Facebook, YouTube یان دنیای بلۆگ، ڕەنگیان داوەتەوە.

7) خۆت دەست بە بلۆگکاری بکە

یان خۆت بلۆگێک ساز بکە یان یارمەتی هاوکارانت بدە کە بلۆگیان هەیە. گەر نووسەری باشت هەبێ، زووزوو بلۆگەکەت نۆژەن بکەنەوە، ئەوا دەتوانی بە ئاسانی پەیوەندییەکی ڕێکوپێک لەگەڵ خوێنەراندا ساز بکەی. بلۆگەکەت مەکە بە سەکۆی ڕیکلام. شێوازێکی نووسین هەڵبژێرە لەگەڵ کەسایەتی خۆت بگونجێ. دەستاوێژی باش و مفتی بلۆگسازی لە ئینتەرنێتدا زۆرن.

8) جێیَ خۆت لە فەیسبوک Facebook دا بکەوە

گرووپکاری، ئاگاداری، بەزم و ڕێورەسم ئامرازی ساکارن لە فەیسبوک و سایتی جڤاکی دیکەدا. بە ناوەڕۆک و شێوازی دروست دەتوانی پەیامی خۆت باش بڵاو بکەیتەوە.

9) پینگ، تاگ و بەستەر (لینک)

سایتەکەی خۆت لە ڕێی پینگ، تاگ و بەستەرەوە گرێی دونیای ئینتەرتێت بدە. سەرنجی خۆت لە بلۆگی کەسانی دیکەدا بڵاو بکەوە و بەستەری سایتی خۆت بنووسە. ژمێرک (ئامرازی ژماردن Counter) هەیە پێشان دەدات میوانت چەندن.

10) کراوە بە

گەرچی دەرفەت هەیە لە ئینتەرنێتدا نامۆ بیت بەڵام ئاشکرایی و کراوەیی ئەمڕۆ گشتگیرە. دەنگوباس و گوتار و بەرهەم لە هەر جێیەکدا بڵاو دەکەیتەوە با بە ناوی خۆتەوە بێت.

**15 ئامۆژگاری دەربارەی ئاڕاستە کردنی دەنگوباس**

میدیا پێی خۆشە دەنگوباس بۆ خوێنەر، بینەر، بیسەر بگێڕێتەوە. ئەگەر دەنگوباسەکەی تۆ دەینێریت چەخماخەی ڕووداوی بە دەمەوە بێت باشتر جێی خۆی دەکاتەوە.

1) بچووک بەرانبەر گەورە

میدیا شەیدای دەنگوباسێکە تێیدا مرۆڤی ئاسایی بەرەنگاری لایەنی گەورە و دیوی زلی وەک کۆمپانیای پاوانخواز ببێتەوە. «نۆرە» (ڕۆڵ) لێرەدا گرینگە چونکە لە کارێکی وەهادا نۆرەی تۆش جووت دێت لەگەڵ نۆرەی ڕۆژنامەواندا، وێکڕا دەبنە هاوبەرە.

2) ڕووداوی گەرمی ئەمڕۆ

دەنگوباسەکەی تۆ ئاسانتر جێی دەبێتەوە لە میدیادا، ئەگەر پەیوەندی هەبێ بە ڕووداوێکی گەرمی ڕۆژگارەکەی خۆی.

نموونە: ڕێکخراوی ئامنێستی Amnesty دەرفەتی هێنا لە پێشبڕکێی ئۆڵەمپی شاری پەکین (پەیژنگ) بۆ باس کردنی دەستدرێژییەکانی وەڵاتی چین بۆ سەر مافی مرۆڤ.

3) ڕووهەڵماڵین

میدیا زۆر پێی خۆشە دەنگوباسێک بڵاو بکاتەوە دەربارەی ڕووهەڵماڵینی ڕووداوێک، دەسەڵات بیەوێت ڕووپۆشی بکات. گەر تۆ دەنگوباسێکی وەهات هەبێ میدیا پێی خۆشە و تۆش بە هاوبەرەی خۆی دادەنێ.

4) ناوچەگەری

مێدیا پەیوەستی دانیشتوانی ناوچەی خۆیەتی. لەبەر ئەوە دەنگوباسی ناوچە پێش دەخات. کەواتە «ناوچەگەری» لێرەدا وشەیەکی گرینگە.

5) چاوەڕواننەکراو

مێدیا پێی خۆشە دەنگوباسێک بڵاو بکاتەوە چاوەڕواننەکراو بێت. بۆ نموونە ئامارێک دیدێکی کۆن هەڵبوەشێنێتەوە، گوتارێکی سەیر، یان ڕەفتارێک جێگۆڕکێی پێوە دیار بێت.

6) بەراورد

مێدیا بەراوردی زۆر پێ خۆشە. بۆ نموونە بەراورد کردنی ئاستی فێرخوازان لە فێرگە نموونەییەکان بەرانبەر فێرگەی ئاسایی، فێرگەی تایبەت و ئەهلییەکان بەرانبەر فێرگەی گشتی.

7) ڕووبەڕووبونەوە، ڕاسان

مێدیا ڕاسان و ڕووبەڕووبوونەوەی لا گرینگترە وەک لە هاوڕایی و لێک گەیشتن و پێک هاتن. کەسانی ئامادەی ڕاسان و ڕووبەڕووبوونەوە جێگەیان لە مێدیادا باشتر دەبێتەوە.

بۆ نموونە ڕێکخراوی Greenpeace هەر لەبەر ئەوەی تەک Action ی بەرچاو بەکار دەهێنێت باشتر جێی خۆی لە مێدیادا دەکاتەوە لە ڕێکخراوی دیکەی وەها کە گەورەترن بەڵام ئارامتر کار دەکەن، وەک the World Wildlife Fund - WWF.

8) تاوان و سزا

دادگەری جێی سەرنجی میدیایە، هەر لە سکاڵاوە هەتا پرۆسەی دادگە و لەویشەوە بۆ بڕیاری دادگە. لە پرۆسەی دادگەریدا دەکرێ سوود لە دەرفەت وەربگریت.

بۆ نموونە کۆمپانیایەک دژ بە ژینگە ڕێسا شکێنی دەکات، لە دادگەدا، ڕێکخراوێکی ژینگەپارێز دەیکاتە دەرفەت و لێی وەدەنگ دێت بۆ ئەوەی زانیاری دەربارەی ژینگەپارێزی و پەنابردنە بەر بەرهەمی ژینگەدۆستانە، بڵاو بکاتەوە.

9) درۆ و پەیمانشکێنی

میدیا دەگەشێتەوە کاتێک سیاسەتمەدارێک یان دەسەڵاتدارێک سنووربەزێنی، پەیمانشکێنی و درۆی لێ سپی دەبێتەوە. گوتارێک گەر دەستەواژەی وەک «وەزیر درۆی فەرموو» ی تێدا بێت، زۆر زوو بڵاو دەبێتەوە.

بۆ نموونە: گوتەیەکی کۆنەسەرۆکی ئەمریکا Bill Clinton کە لە بیران مابێت ئەوەیە لە پەخشی زیندووی تیڤیدا، گوتی:

I did not have sexual relations with that woman, Miss Lewinsky.

«من پەیوەندی سێکسیم لەگەڵ ئەم ژنەدا Miss Lewinsky نییە».

10) بابەتی وروووژێن

مێدیا پێی خۆشە دەنگوباسێک بڵاو بکاتەوە ڕووی بێدادی و هەلومەرجی ناجۆر هەڵماڵێ.

11) تیژ کردن

سەرنووسەران پێیان خۆشە سەردێڕی تیژ دابنێن، یاری بە وشە بکەن و پەنا بەرنە بەر دەستەواژەی دژواتا. تۆش دەتوانی سەردێڕی تیژ داڕێژیت و شانسی بڵاوبوونەوەی گوتارەکەی خۆت زیاد بکەی.

12) بابەتی باو

مێدیا مۆد و بابەتی باوی پێخۆشە. تۆش دەتوانی سوود لەم خاڵە وەربگری گوتارەکە وەها داڕێژی ئاماژەی تێدا بێت بۆ بابەتێکی باوی ڕۆژگاری خۆی.

بۆ نموونە کۆمپانیایەکی پۆشاکفرۆشی لە گوتاری خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات کە قوماشی ژینگەدۆستانە لە پۆشاکی خۆیدا بەکار دەهێنێت.

13) درەخشان

مێدیا بابەتی درەخشان و دراماتیکی لا خۆشە. لەبەر ئەوەیە کەسانی بەهات و هاوار و بەردهاوێژ ڕووبەرێکی مێدیای دەگرن زۆر بەرفرەوانترە لە ئەندازەی خۆیان.

نموونە: ڕێکخراوی Coop بە مەبەستی هاندانی خەڵک بۆ کڕینی هێلکەی مریشکی خۆماڵی، نەک مریشکی جووجەسازی، کۆمەڵێک مرۆڤی قەفەسبەندی نمایش کرد. ئەم کارە لە مێدیادا درەوشایەوە.

14) ناوداران

«ناسینەوە» دیارەیەکی گرینگە بۆ مێدیا لەبەر ئەوەیە پەنا دەباتە بەر کەسانێک کە زووتر پێگە و ناویان هەبێ.

نموونە: گەر مەبەست بێت باسێکی شوێنەوارناسی لە مێدیادا باسکرێ وەها باشە شارەزایەکی وەک مامۆستا عەبدول ڕەقیب یوسف بۆ ڕا وەرگرتن لە بەرنامەکەدا بەسەر بکرێتەوە.

15) داستانی سەرکەوتن

مێدیا شەیدای داستانێکە سەرکەوتن پێشان بدات. ئێوەش خەبەری سەرکەوتنی خۆتان، بەرهەمی نوێ و زیادبوونی ژمارەی ئەندامان بدە بە مێدیا.

بۆ نموونە: لە ڕۆژگاری هەڵبژاردندا مێدیا جەخت دەکاتە سەر لایەن و حیزبی براوە.

## 10 ئامۆژگاری دەربارەی سوود وەرگرتن لە دەرفەت

پێشمەرجی بنەڕەتی بۆ بەرتەک (کاردانەوە) ی دەستوبرد لە ئاست ڕووداوی دەوروبەردا ئەوەیە پێشکات چەند خاڵێکی ستراتیژیتان دیاری کردبێ.

بۆ نموونە: ئامانجمان لە کاری «پەیوەندسازی» PR چییە؟ گرووپی ئامانج کێن؟ شاپەیام کامەیە؟ کێ دەبێتە گوتەبێژ؟ گەر ئەو خاڵانەی سەرەوە وەک ئامادەباشییەک بڕیاری نەدرا بێت، ئەوا دوور نییە دەرفەتی گرینگ لەدەست بچێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە «15 ئامۆژگاری دەربارەی ئامادەباشی».
گەر دەرفەت هاتە پێش، دەنگوباسێک بڵاوبۆیەوە بازاڕی ئێوە گەرم بکات، پەیوەندی لەگەڵ مێدیادا بگرە. ڕۆژنامەوان لایان گرینگە ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ نوێنەران و بەرپرسانی کۆمپانیا و سازماندا بکەن نەک کەسانی لابەلا. لەبەر ئەوە بەرپرسایەتیی ئەو کارە مەخە ئەستۆی کۆمپانیای «پەیوەندسازی» PR ی دەرەکی.

1) پەیوەندی بگرە لەگەڵ ئاژانسی دەنگوباس

گەر دەنگوباسی ئەمڕۆ، لە ڕۆژنامە یان ڕادیۆدا، باسی لە بابەتێک کرد ئێوە سەرنجتان هەیە دەربارەی، هەر بەیانی زوو پەیوەندی لەگەڵ ئاژانسی دەنگوباس بگرە. ئەگەر زوو فریای بکەون، بەرلەوەی ئاژانسی دەنگوباسەکانی خۆیان داڕێژن، ئەوە شانسی بڵاوبوونەوەی سەرنجەکەی ئێوە زیاتر دەبێت. بەڵام گەر ئێوە درەنگ بکەون ئەو شانسەتان کزتر دەبێ.

2) ئاگات لە ڕووداوی ڕۆژانە بێت

وریای ڕووداوی ڕۆژانە بە لە بواری کاری خۆتاندا – دۆزێک لە لیژنەیەکی پەرلەماندا دەخرێتە بەر باس، کەسایەتییەکی بەرچاو دێتە گۆ، تۆژینەوەیەک بڵاو دەکرێتەوە... هتد پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژنامەوانی ناسیار بگرن و ئاگاداریان بکەن لەو دەنگوباسە، پاشخانیان بۆ ڕوون بکەنەوە فاکتیان بخەنە بەر دەست بە سەرنجی خۆتان دەوڵەمەندی بکەن.

بۆ نموونە: لە سەروبەندی ڕۆژگیرانی ئەمڕۆدا نەخۆشخانەی «خاتوو زین»ی چاو نووچەیەکی بڵاو کردۆتەوە دەربارەی پاراستنی چاو لە کاتی سەیر کردنی ڕۆژگیراندا. ئەم نووچەیە لە زۆر شوێندا بڵاو دەکرێتەوە.

3) «ڕوو هەڵماڵین» لە دەست مەدە

پەیوەندی بگرە لەگەڵ ئەو مێدیایەی بابەتەتی ڕوو هەڵماڵینەکەی بڵاوکردۆتەوە، ئاگاداریان بکە لەوەی تۆ زانیاری زیاتر و گۆشە نیگای خۆتان هەیە. مێدیا گەر یەک جۆر زانیاری هەبێ پێی خۆشە لە ڕێی زانیاری دیکە و بە ڕێکاری دیکە باسەکەی خۆی دەوڵەمەند بکات، دیڤچوونتان بۆ باسەکە دەیسەلمێنێ کە بەڕاستی «ڕووهەڵماڵین» بوو.

نموونە: کاتێک مێدیای وەڵاتی سوێد ئاشکرای کرد کە کارڵ گۆستاڤ- پاشای سوێد- پەسنی دیکتاتۆری وەڵاتی بوروونی کرد، چەند کەسانی سیاسەتناس هەڵوێستیان نواند. ئەوەی لە هەموان زیاتر لە مێدیادا نەخشی هێنا گوتەی پڕۆفیسۆر ئولوف پێتتەرسۆن بوو کە گوتی: ئەم

ڕەفتارەی پاشا «سەختانگێکی دەستوریە».

4) «بیزنز» لە دەست مەدە
گەر میدیا مۆرکی «بیزنز» لە باسێک دا، ئەو باسە بازاڕی گەرم دەبێ. میدیا بەگشتی پاڵەپەستۆیەتی بە دوای دەنگوباسی خاوەن باشترین ئاراستە.

5) سوود لە «وشکەساڵی» وەربگرە
لە ڕۆژگاری کەم خەبەری و «وشکەساڵی» ی دەنگوباسدا، دەرفەت زیاترە جێی خۆت بکەیتەوە. وشکەساڵیی میدیا ڕۆژ و هەفتە و وەرزی خۆی هەیە، هەوڵ بدە سوودی لێ وەربگری، پێشکات خۆتی بۆ ئامادە بکە، نووچە و گوتاری گفتوگۆسازی بۆ ڕێک بخە.

6) ساڵڕۆژ و بۆنەی تایبەتی لەبیر مەکە
بۆنەی تایبەت و ساڵڕۆژ دەرفەتێکی زۆرباشە، نووچە یان گوتاری گفتۆگۆساز دەشێ بە دەستەواژەیەکی وەک «بەبۆنەی ساڵڕۆژی 2 ی ڕێبەندانەوە...» دەست پێبکات.

بۆ نموونە: کۆمپانیای ڤۆلڤۆ Volvo جێگەیەکی باشی گرت لە میدیادا کە بە بۆنەی ساڵڕۆژی جیهانی خانمانەوە ئۆتۆمبیلێکی خستە بازارەوە هەم بەرهەمی ژن بوو، هەم بۆ ژنان بوو.

7) چاوەڕێی دەرفەت بکە

پەلە مەکە، خۆت ڕاگرە هەتا دەرفەتێکی باش دێتە پێش ئەوجا لە دەرگای مێدیا بدە.

بۆ نموونە: نزیک بوونەوەی دەستپێکی کەمپێنێک بۆ هاوکاری.

8) ڕاگەیاندن بۆ کاریگەری لەسەر بڕیار

بۆ ئەوەی کاریگەریت لەسەر بڕیارێک هەبێ، دەبێ بەرلەوەی بڕیارەکە بدرێ تۆ ئامادەباشیت کردبێ، ئەمەش دەبێ ماوەیەکی باش بەر لە پرۆسەی فەرمی بڕیاردانەکە، کاری بۆ کرابێت.

9) کۆنفرانسی مێدیاگەریی خەڵکی دیکە بەسەر بکەوە

گەر لایەنێکی دیکەی هاوبوار کۆنفرانسی مێدیاگەری دەبەستێ ئێوەش لەوێ ئامادەبن، گوێ بگرن، فێربن و هەروەها پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژنامەوان ببەستن.

10) خۆت لە ڕۆژگاری وەها لادە کە ڕووداوی گەورەی بە دەمەوەیە

ڕۆژگار هەیە ڕووداوی گەورەی بەدەمەیە و مێدیا تەواو پڕکارە، بۆ نموونە: ڕۆژی ئاشکرا کردنی بودجە، سەختانگی حکوومەتی، دیاریکردنی سەرۆک پارتێ، کۆنگرەی پارتێکی گەورە، یەکێتیی ئەورووپا EU کۆبوونەوەی باڵای هەیە، ناکۆکیەک لە جیهاندا گەرم دەبێ... هتد. لەو ڕۆژگارانەدا لە دەرگای مێدیا مەدە.

## 5 ئامۆژگاری دەربارەی دیڤچوونی ڕاگەیاندن

گەر ئەو دەنگوباسەی ئێوە لە مێدیادا بڵاوبۆوە، نەکەی پشوو بدەیت. ئەوجا کاتە سوود لە دەرفەت وەرگریت و کار بکەی بۆ چالاکی نوێ.

کەسێک ڕانەهاتبێ بە دەرکەوتن لە مێدیادا، بڵاوبوونەوەی یەک نووچە و گوتار بەلاوە زۆر گرینگە. گەر دەتەوێ پەیامەکەت لە جڤاتدا جێ بگرێ ئەوا یەک دەرکەوتن لە ڕۆژنامەیەکی هەرە گەورە و ڕادیۆیەکی هەرە باشدا چارەسەر نییە.

1) بەدوای دەنگوباسەکەی خۆتدا بچۆ
هەیە هەر بەوەندەی گوتارێکی گفتوگۆسازی بڵاوکرایەوە خامۆش دەبێتەوە. ئەوەی ڕاستی بێت ئەوجا کاتی کارە بۆ ڕاکێشانی ڕێداکسیۆن (دەستەی نووسەران یان بەڕێوەبەرانی مێدیا) ی دیکە بۆ دیڤچوون (بەدواداچوون) ی ئەو گوتارە. زۆر لە خەمی ئەوەدا مەبە ڕۆژنامەوان بێزاربن لەو هەموو پەیوەندی گرتنە.

2) ئاژانسی دەنگوباس هان بدە بۆ دیڤچوون
ئاژانسی دەنگوباس ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە هەڵسەنگاندنی نووچە و گوتار و بڕیاردان لەسەر بڵاو کردنەوەیان. گەر ئاژانسی دەنگوباس بەرهەمەکەی پەسەند کرد مێدیای دیکە وەدووی دەکەون.

3) بە شەو پەیوەندی لەگەڵ مێدیا بگرە
گەر دەزانیت گوتارێکت لە ڕۆژنامەی سبەیڕۆژدا بڵاو دەکرێتەوە، نووچەیەکی لێ ساز بکە و دەوری سەعات 23 (یازدەی شەو) ڕەوانەی

ئاژانسی دەنگوباسی بکە. بەر لە ڕەوانە کردنی نووچەکە تەلەفۆن بکە بۆ ئاژانس، دەنگوباسەکەیان پێ ڕاگەیەنە و ئاگاداریان بکە لەوەی هەر ئێستە نووچەیان بۆ دەنێریت. بەم جۆرە ئاژانسی دەنگوباس هان دەدەیت سەیرێکی نووچەکەت بکەن و پوختەیەکی لێ ڕێک بخەن بۆ گشت میدیا. دەشکرێ ڕۆژێک بەر لە بڵاوبوونەوەی گوتارەکە پەیوەندی بگریت لەگەڵ بەرنامەی بەیانیانی ڕادیۆ و تیڤی بۆ ئاگادار کردنەوەیان لەو باسە بەو مەرجەی کاری لەسەر نەکەن هەتا گوتارەکە بڵاو دەکرێتەوە.

4) پەرلەمانتار هان بدە بەرتەک (کاردانەوە) ی هەبێت

گوتار هەیە ناوەڕۆکی سیاسیی هەیە و دەشێ بە دارشتنێکی نوێ ببێتە جێی سەرنجی پەرلەمانتار، کاری لەسەر بکات چ لە پەرلەمان بێت چ لە میدیا. پەیوەندی لەتەک پەرلەمانتارێک بگرە و ئامادەیی خۆتی پێشان بدە بۆ نووسینەوەی ڕەشنووسێک دەربارەی ئەو بابەتە. سیاسەتمەداران پێیان خۆشە کەسێک کاری «سکرتێر» یان لەکۆڵ بکاتەوە.

5) نایەتی (نێگەتیڤ) وەر بگێڕە بە ئایەتی (پۆزەتیڤ)

سوود لە ڕاگەیاندنی نایەتی و ڕەخنەگرانە وەربگرە بۆ بڵاو کردنەوەی پەیامی خۆت. هەیە دەچەمێتەوە هەتا تەوژمەکە تێپەڕ دەکا، بەڵام زۆر جار ستراتیژی هێرشبەر سەرکەوتووترە.

**10 ئامۆژگاری دەربارەی نەخش هێنان لە «هەفتەی شەقڵاوە» دا**

[بە خەیاڵ وەها دانێ کوردستان لە ڕووی سیاسییەوە ئەوەندە پێشکەوتووە، ساڵانە یەک هەفتەی دیاریکراوی هەیە، بۆ نموونە یەکەم هەفتەی پاش نەورۆز، لە شوێنێکی دیاریکراوی وەک شەقڵاوە، دەستبژێری سیاسەتمەداران، فەرهەنگسازانی ناودار، سازمانی میلیی چالاک و هەروەها کۆمپانیادارانی باڵا بە مەبەستی ڕاوێژ و گفتوگۆ کۆ ببنەوە. ئەم هەفتەیە کراوەیە بۆ ئاپۆرەی خەڵک. تۆ لە کەشێکی وەهادا چۆن جێی خۆت دەکەیتەوە؟]

1) گرینگ بەشدارییە

«هەفتەی شەقڵاوە» دەرفەتێکی ناوازە بۆ دیداری کەسانی ناوداری بیروڕاسازی وەڵات لە کەشێکی نافەرمیدا. بەشداری لەم هەفتەیەدا سوودی زۆرە هەم بۆ تۆڕبەندی و هەم بۆ پەیدۆزیی دەوروبەر.

2) ئاگات لە ڕۆژەڤی ئەو هەفتەیە بێت

ئاگات لە بەرنامەی کاری ئەو هەفتەیە بێت، زانیاری دەربارەی سەمینارەکان پەیدا بکە. گەر تۆش بەشداری بەرنامەیت، ئاگادار بە لەوەی بەرنامەی تۆ هاوکات نەبێت لەگەڵ چالاکییەکی دیکەی وەها سەرنج لە تۆ بدزێتەوە. هەوڵیش بدە لایەنی هاوکار بۆ خۆت بدۆزیتەوە.

3) ئاگات لە دیدارەکان بێت

هەیە هەموو توانای خۆی لە ڕێکخستنی سەمیناری خۆیدا خەرج دەکات و زۆر گوێ نادات دیداری لابەلای هەفتەکە. کەسی سوودمەند ئەوەیە پێشکات دیدارەکانی خۆی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار و سەرنجڕاکێش

ڕێک دەخات، بە شێوەیەکی سیستەماتیک سەرەدانی سەمیناری خەڵکی دیکە دەکات و دیداری لابەلا بەهەند دەگرێت.

4) لیستی پەیوەندی ساز بکە
بەرنامەی هەفتەکە بکە سەرشار و لیستێک ڕێک بخە بە ناوی ئەو کەسانەی مەبەستتە پەیوەندییان لەگەڵ بگریت. سەرنج گیر بکە لە ساز کردنی پەیوەندی و هاوکاریی نوێ.

5) یەکەم پرسیار، پرسیاری تۆ بێت
تۆ یەکەم کەس بە دەست هەڵبڕیت و پرسیار ئاڕاستەی خاوەن سەمینار بکەیت. پرسیارێکی نەخت و پوخت، شاپەیامی خۆتی تێدا ناوتوێژ بێت. بەم جۆرە دەتوانی لە سەمیناری کەسانی دیکەشدا سەرنج بۆ پەیامی خۆت ڕاکێشیت.

6) خۆت بۆ دیداری ناکاو ئامادە بکە
لە دیداری لابەلادا جار هەیە لە ناکاو وەزیرێک یان کەسایەتییەکی گرینگ دەبێتە هاودەم. خۆت ئامادە بکە لە نیو خولەکدا شاپەیامی خۆت بە ڕوونی پێشکەش بکەیت. نموونەی بەرجەستە بەکار بهێنە و جەخت لەسەر بەرژەوەندی میللی بکە.

7) خۆت ڕاگرە بۆ پاش باهۆزی دەنگوباس
لەم هەفتەیەدا، ڕکابەری بۆ جێ گرتن لە مێدیادا زۆر گەرمە. گەر تۆ لایەنێکی بەهێز و گەورە نیت، خۆت لەو پاڵەپەستۆیە دوور ڕاگرە.

چاوەڕێ بە هەتا باهۆزی دەنگوباس ئارام دەبێتە ئەوجا پەیامی خۆت بدە میدیا.

8) شاخاڵ: دەرفەتی کار

هەر ساڵەو شاخاڵی خۆی هەیە، بزانە ئەم ساڵ کامە باس لە هەموان گرینگترە. بۆ نموونە دۆزینەوەی دەرفەتی کار، سەرخستنی ئاستی فێرکاری، چارەسەری گەندەڵی... ئەوجا بیر بکەوە لەوەی چۆن پەیامی ئێوە سوودی هەیە بۆ چارەسەری ئەو شاخاڵە. لێرەشدا دەبێت پەنا بەریتە بەر ژمێرکاری و ئامارگیریی بەرجەستە.

9) ڕاگرتنی پەیوەندی لەگەڵ هەردوو بەرە

لە بیرت نەچێ هێزی سیاسی جیاواز هەیە، ئەمڕۆ لایەک دەسەڵاتە و لایەک بەرهەڵست. هەڵبژاردنی داهاتوو لەوانەیە جێگۆڕکێیان پێ بکات. لەبەر ئەوە گرینگە تۆ پەیوەندیی باشت هەبێت لەگەڵ کەسانی خاوەن پێگەی نێو هەردوو لا.

10) دیڤچوون

لە بیرت نەچێت هەر لەو هەفتەیەدا کات و جێ دیاری بکەیت بۆ دیدار لەگەڵ دۆستانی کۆن و نوێ بۆ وەرزی داهاتوو. بەر لەو جۆرە دیدارانە دەبێ خۆت ساز دابێت و پەیامی خۆت بە پێی هەلومەرجی دیدارەکە داڕشتبێت و پێشنیازی ئامادەت هەبێ بۆ هاوکاری و چالاکیی بەرجەستە.

## 10 ئامۆژگاری دەربارەی دانوستانی کاتی سەختانگ (قەیران)

هەم کۆمپانیا و سازمان، هەم دەسەڵاتداران هەر یەک بە جۆرێک دووچاری هەڵمەتی نایەتیی مێدیا دەبن. لە باری وەهادا زۆر گرینگە گورج، ڕاستگۆ و بەرپرسانە بێنە گۆ. ڕاستە ئەو سەختانگ (قەیران) ـە مۆرکی خۆی دادەنێت بەڵام مۆرکی بەرچاوتر ئەوەیە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو قەیرانە دەکەیت.
خاڵێکی دیکەی گرینگ لەم بوارەدا ئەوەیە ئاگایانە لە دەوروبەر وردبیتەوە و پێشبینیت هەبێت دەربارەی کامە سەختانگ دەشێ بێتە ڕێ، بۆ بەربەستن لە ڕوودانی.

ئامادەباشیی بەر لە سەختانگ

1) بیر لە شیمانەی دوورەخەیاڵ بکەوە
سەختانگ بە دەگمەن نەبێ لە کرۆکی کاری سازمان نادات. بەگشتی سەختانگ ڕووی لەو بوارانەیە مرۆڤ کەمتر بیریان لێ دەکاتەوە - ئەوانەی دوورەخەیاڵن. وەها چاکە بە وردی بیر لە هەموو ئەو بوارانە بکەیتەوە کە لە کاروباری خۆتاندا بەرسەختانگن، با ناخۆش و دوورەخەیاڵیش بن. لەم باسەدا ڕاوێژ بە کەسانی خاوەن ڕای دەرەکیش بکە.
2) پلانی هەڵسوکەوت ئامادە بکە
دوور بێ یان نێزیک، سەختانگ دێتە ڕێی هەموو سازمانێک. گەر ئامادەباشیی دروست هەبێت دەکرێت هەم خۆت لە زۆر سەختانگ لا بدەیت و هەم گەر سەختانگ بەرۆکی گرتیت زیانەکانی خامۆش

بکەیتەوە. پلانێک بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ سەختانگ، داڕێژە. پلانێکی ساکار، تێیدا ئاشکرا بێت کێ چی دەکات، چۆن و کەی دەیکات. لەم پلانی کارەدا دەبێ باس لە چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنی ئەو کارانە بکرێت بۆ ئەوەی ببێتە ئەزموون بۆ جاری داهاتوو.

3) ڕاهێنان و ڕاهێزانی توانا

لە سازمانەکەی خۆتدا، لە ڕێی ڕاهێنانەوە توانای هەڵسوکەوت لەگەڵ سەختانگدا ڕاهێزە، ئەویش بە مەبەستی سەرخستنی توانا و پێک هێنانی ئاسوودەگیی و دیدی هاوکۆ. ماوەماوە بەرنامەی ڕاهێنان پیادە بکەن. لە بەرنامەی وەهادا هەم ڕیسک (مەترسی) ی سەختانگی نوێ ڕوون دەبنەوە، هەم توانای هزری و سازمانەکی پتەوتر دەبێت.
ئاگادار بە لەوەی زووزوو هەم پلانی هەڵسوکەوت نۆژەن بکەیتەوە، هەم پێگە و بەرپرسایەتی و نۆرە. ئەمانەش بە سوود وەرگرتن لە دەرئەنجامی بەرنامەکانی ڕاهێنان. بە کاری وەها هەم ڕزگار دەبن لە پەیوەستبوون بە شارەزایانی دەرەکی هەم خەرجیتان کەم دەبێتەوە.

4) چاو ژیرکەوە

بە وردی چاودێری دەوروبەر بە و بزانە هەم مێدیای کلاسیک و هەم ئینتەرنێت چۆن باستان دەکەن. دید و سەرنج لە بلۆگ و سایتەکاندا بڵاو دەکرێنەوە و سەنگی خۆیان هەیە، بە کەمیان مەزانە. دوور نییە لە ماوەیەکی کورتدا ببنە هەڕەشەیەکی

زیانبەخش، با میدیای کلاسیک دەستپێشخەر نەبووبێ.

5) کات و توانای بۆ تەرخان بکە

سەختانگ ڕووداوی نائاساییە، تۆش دەبێ خەرجیی نائاسایی بۆ تەرخان بکەیت. کارێکی وەها بکە پێشکات ساختارێکت هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەستان. لە بیرت نەچێت سەرەتای کار پێویستیی زیاتری هەیە، لێرەدا زیادەخەرجی باشترە لە دەستگیری. گەر بە ئەزموون و بەدەم کاتەوە زانیت پێویست بەو هەموو توانایە ناکات ئەوسا ئاسانە خەرجی کەم بکەیتەوە بەڵام گەر سەرەتا دەستگیر بیت و سەختانگ هاتە پێش ئەوسا ئەستەمە فریای بارودۆخ بکەویتەوە.

گەر سەختانگ بەرۆکی گرتیت

6) ئامادەی دیدار بە

لە دەمی سەختانگدا خۆت لە مێدیا مەشارەوە، کات بۆ دیداریان تەرخان بکە و وەڵامی پرسیاریان بدەوە. خۆت ئامادە بکە، وەڵامی کورت و پوخت بۆ ئەو وەڵامانە ئامادە بکە کە پێت وایە ڕۆژنامەوان ئاڕاستەی تۆی دەکەن. گەر دەزانیت پێویستت بە کاتە بۆ کۆ کردنەوەی زانیاریی زیاتر، دەرفەتی وەڵامدانەوە و دەستپێشخەری مەدۆڕێنە، ڕایگەیەنە کە لە دیداری ڕۆژنامەوانی داهاتوودا زانیاریی زیاتر ڕوون دەکرێتەوە.

7) هیچ مەشارەوە

هەتا زووە زانیاریی تەواو ئاشکرا بکە. دەنا ڕۆژانە دەنگۆ و ڕووهەڵماڵینی نوێ بڵاو دەکرێنەوە. سایتەکەی خۆتان بەکار بهێنە بۆ بڵاو کردنەوەی دۆکیومێنت، نامەگۆڕینە و بەرسڤ (وەڵام) ی هێرشبەران. ئەوجا هەتا دەکرێ خۆت دوور ڕاگرە لە وەڵامێک تەواو ئاگاداری وردەکارییەکانی نەبیت.

8) سەنگی کێشەکە کەم مەکەوە

ڕەخنەی بەرانبەران بەهەند بگرە. گەر هەوڵ بدەیت کێشەکە بچووک بکەیتەوە دوور نییە بەرانبەر بە بێباکی و خەمساردی لێک بداتەوە و پرسیاری وروژێنی لێ بکەویتەوە. لە بری ئەوە پێشانی بدە کە تۆ نیگەرانیی دەوروبەر بەهەند دەگریت. گەر دۆزەکە زیانی خەڵکی بەدەمەوەیە زۆر گرینگە گوێڕایەڵ و هاوسۆز بیت. پێشانی بدە کە تۆ بەهای مرۆڤدۆستانەت لەلا گرینگترە نەک لایەنی ئابووری.

9) داوای لێبوردن بکە

گەر هەڵەت کردوە، خۆتی لێ مەدزەوە. بەرپرسانە ڕەفتار بکە، هەڵەکەی خۆت بسەلمێنە و بێ منجەمنج داوای لێبوردن بکە. ئارەووزیەک هەیە لە مرۆڤدا هانی دەدات ڕێک لەو کاتەدا ڕوونی بکاتەوە بۆ هەڵەی کردوە، وەها مەکە، چونکە دوور نییە بە پاساوهێنانەوەی دەستکرد لێک بدرێتەوە.

بۆ نموونە، وەزیری ئابووریی سوێد Maria Borelius پاییزی 2006

دەکرا زیاتر لە 8 ڕۆژ وەزیر بایە، گەر هەوڵی نەدابا «بێدەرامەتی» بکاتە پاساوی ئەو گزییەی لە باجی کردبوو. مووچەی ڕەشی (بێباج) ی دابوە دایەنی منداڵەکەی. هەر زوو ئاشکرا بوو کە Borelius و هاوسەری ئەو دەمە بێدەرامەت نەبوون، چەندین ملیۆن کرۆنی سوێدی، سامانیان بووە.

10) چارەسەر ڕاگەیەنە

ڕوونی بکەوە پلانی کارت چییە بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو کێشەیە بکەیت و ڕێ بگریت لە دووبارەبوونەوەی کێشەی وەها. ئایە بەنیازن پۆلیس لەم بارە ئاگادار بکەنەوە؟ فەرمانبەران لە کار دەر بکەن؟ داوای چاودێریی دەرەکی بکەن؟ بەرنامەی تایبەتتان هەیە بۆ چارەسەر؟ گۆڕانکارییەکان چین؟

## 10 ئامۆژگاری دەربارەی لۆبییکاری Lobbying

لۆبییکاری بریتییە لە کاریگەری لەسەر بڕیاری سیاسی هەم لە ڕێی پەیوەندیی ڕاستەوخۆوە و هەم لە ڕێی میدیا و ساز کردنی ڕای گشتییەوە. لۆبییکاری هۆکارێکە بۆ ڕاهێزانی دیمۆکراسی. هەتا دەنگی زیاتر بەرزببنەوە هەم گفتوگۆ فرەڕەنگ دەبێ و هەم بڕیار ژیرانەتر.

لەگەڵ ئەوەشدا لۆبییکاری کێشەی دیمۆکراسیانەی هەیە. پەستانی سیاسیی وەها زیاد دەبێت خاوەنی ئاشکرای نییە. مەترسیش هەیە لایەنی بەهێزی خاوەن بەرژەوەند، دژ بە بەرژەوەندی گشتی، دەسەڵات پەیدا بکات. بەڵام کێشەکە لەوەدا نییە کەسانی بەهێز لۆبییکاری دەکەن، لەوەدایە لایەنێکی بەرفرەوان نایکات.

مەبەست لێرەدا ئەوەیە زانیاری دەربارەی لۆبییکاری بڵاو بکەینەوە. کاریگەری لەسەر بڕیاری سیاسی بە پارەی زۆر و لۆبییستی کارامە ساز نابێت، بە بەڵگەکاری دروست و دڵگەرمی چارە دەکرێت.

بناخەیەکی پتەو دارێژە

1) ڕاپۆرت بنووسە

پێشەکی ڕاپۆرتێک بنووسە دەربارەی کرۆکی باسەکە. لەم ڕاپۆرتەدا هەموو بەڵگەیەکی هەتانە بۆ پشتیوانی لە پێشنیازی خۆتان، ڕیز بکە. سەرەتایەکی پوختە و ساکار بکە پێشەکی. ئەم ڕاپۆرتە دەبێتە بناخەیەک بۆ گوتاری گفتوگۆساز و تۆڕبەندی لەگەڵ سیاسەتمەداران.

2) هەڵوێستی دەوروبەر ڕووماڵ بکە

پێشنیازەکانی نێو پەرلەمان و گوتەی نوێنەران ڕووماڵ بکە، گوتەی مێدیا و بەرنامەی پارتە سیاسییەکان هەروەها. نەخشەیەک بۆ هەڵویستی پارتەکان دەربارەی ئەو دۆزەی لات گرینگە دارێژە. جەخت لەسەر خاڵی ئایەتی (پۆزەتیڤ) بکە. هەڵوێستی ئەندامانی پەرلەمان لەو دۆزە، هەڵوێستی سازمانی لاوان، خانمان، فەرمانگەی حکوومەتی و سازمانی میللی NGO ی پەیوەندیدار – نەخشەکێش بکە. لەم ڕووماڵەدا لیستێک بە کەسانی دیاریکراوی نێو پارتەکان دیاری بکە بۆ پەیوەندی گرتن و لیستێکیش بۆ بەڵگەکاریی دروست.

3) پلانی کەمپێنەکەت نەخشەڕێژ بکە

پلانێکی ورد و کاتبەند دارێژە بۆ کەمپێنەکەت. شائامانج دیاری بکە. لائامانج کامانەن؟ تۆژینەوەی بڕیاردە کەی تەواو دەبن. کەی بڕیاری پەرلەمان یان حکوومەت دەربارەی دۆزی مەبەست دەردەچێت؟ ئێوە چی بکەن باشە بۆ دروست کردنی کاریگەری لەسەر ئەو بڕیارانە؟ کێن

ئەوانەی بەرژەوەندی دیکەیان لە باسەکەدا هەیە و ئێوە چۆن بەرەنگاری کەمپێنی دژکارانەیان دەوەستن؟

4) گوتاری ئاشکرا
بە ئاشکرا پێشانی بدە ئێوە نوێنەرایەتی کێ دەکەن و ئامانجتان لە کەمپێنەکە چییە. کاری نهێنی و پەردەپۆش جگە لەوەی نادێمۆکراتییە، دوور نییە بە خراپ بشکێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا وەها باشە پەیوەندییەکانی خۆتان، بۆ نموونە لە نێو پەرلەماندا، بپارێزن و ئاشکرایان نەکەن.

5) گوتەبێژ دیاری بکە
بۆ گەیاندنی پەیامی خۆتان، کەسێک دیاری بکەن بە گوتەبێژی کۆمپانیا یان سازمانەکەتان، کارامە و توانا بێت. سەرپەرشتیی کەمپێن لە دەست خۆتاندا بێ باشترە، مەیدەنە لایەنی دەرەکی.

## لایەنی هاوبەرە پەیدا بکە

6) جەخت لەسەر بەرژەوەندی هاوکۆ بکە
بەڵگەی وەها پێشان بدە بەرژەوەندیی گشتی ڕەپێش بخات. پەرلەمان و حکوومەت بڕیار بۆ بەرژەوەندی تاکەکەس و کۆمپانیا نادات.

7) لەگەڵ گرووپانی هاوبەرژەوەند هاوکاری بکە
کۆمپانیا کە سوودی ئابووری ڕەچاو دەگرێت دەبێ بۆ سازمانی دیکەی هاومەبەست بگەڕێت بیانکاتە هاوبەرەی خۆی، بەم کارە سەنگی

پەیامەکەی خۆی زیاد دەکات.

بۆ نموونە کاتێک کۆمپانایەکی وزەفرۆش کەمپێن دەکات بۆ سەپاندنی بڕیارێک دەرفەت بدات هەموو ماڵێک بێ بەرانبەر کۆمپانیای وزەفرۆشی خۆی بگۆڕێت، سازمانی بەرهەمبەران و سازمانی خانەدارانی کردە هاوکاری خۆی. وەهای نەکردایە کەمپێنەکەی بە مەبەستێکی ئابووری ڕووت لێک دەدرایەوە. [سازمانی خانەداران: سازمانێکە بۆ داکۆکی لە کەسانی خانوونشین].

8) خاڵی هاوکۆ بدۆزەوە

دەشێ پارتی جیاواز لە ڕوانگەی جیاوازەوە پشتیوانی لە هەمان داواکاری بکەن، لەبەر ئەوە گرینگە کە بەڵگەکارییەکانی خۆت لەگەڵ لایەنی جیاوازدا هەموار بکەی. کاری کەمپێنەکەت بە جۆرێک دابەش بکە، کەسانی جیاواز پەیوەندی بگرن لەگەڵ ئەو پارتانەدا کە پەیوەندیان لەگەڵ باشە.

## ساز کردنی ڕای گشتی

9) میدیا بەکار بهێنە بۆ ساز کردنی ڕای گشتی

گوتاری گفتۆگۆساز وەها داڕێژە بە ڕوونی پەیامی خۆتان ئاشکرا بکات. سوود لە خولیای میدیا وەربگرە بۆ پەیدۆزی و ئامار، بیکە دەرفەتێک

بۆ دروست کردنی دەنگوباس. لیستەیەک ڕاگرە بە ناوی ئەو ڕۆژنامەوانانەی لەو بوارەدا کاردەکەن کە تۆ مەبەستتە و ئاگاداریان بکەوە لە هەر دەنگوباسێکی نوێی بواری خۆتان.

10) کەمپێنی بزاڤی میللی ساز بکە

دەست پێشخەری بکە لە ساز کردنی کەمپێنی بزافی میللیدا. بۆ نموونە نواندنی هەڵوێست و کۆ کردنەوەی واژوو. مێدیای جڤاکی بەکار بهێنە بۆ ڕێکخستنی گرووپ و ئاڕاستەی داواکاری لە Facebook و بڵاوکردنەوەی پەیام لە بەستێنی بلۆگدا.

## 20 ئامۆژگاری دەربارەی پەیوەندی گرتن لەگەڵ کەسانی بڕیاردەردا

بۆ ئەوەی لۆبیکارییەکی چوست پیادە بکەیت دەبێ پێشەکی بزانیت کێن ئەوانەی پێویستە کاریان لێبکەیت. دەبێ ڕوو بکەیتە پەرلەمان، حکوومەت یان پارتەکان؟ کێن ئەو کەسانەی کە دەبێ لە سەرەتادا پەیوەندیان لەگەڵ بگرن.

بەگشتی باش نییە توانایەکی زۆر خەرج بکەن بۆ پەیوەندی لەگەڵ هەموو 110 پەرلەمانتارەکەی کوردستاندا. باشیش نییە کارتەکانی خۆتان بسووتێنین بەوەی زۆر زوو پەیوەندی بگریت. کاتێک پەیوەندی لەگەڵ بڕیاردەراندا بگرە کە باش لە دۆزەکەی خۆت ورد بوویبێتەوە. هەڵوێستی هەموو لایەنێکی پەیوەندیدار نەخشەکێش بکە و بڕیار بدە چی دەڵێیت.

پەیوەندی لەگەڵ پەرلەمان بگرە

1) زانیاری بۆ کەسانی گرینگ بنێرە
لیستەیەک ڕێک بخە بە ناوی پەرلەمانتار و سیاسەتمەداری پەیوەندیدار بۆ ئەوەی ماوەماوە زانیارییان بۆ ڕەوانە بکەی. جگە لە زانیاری نووچە و دەنگوباسی تازەشیان بۆ ڕەوانە بکە.

2) وەڵامی ئایەتی بدەوە
گەر پەرلەمانتارێک کاری لەسەر ئەو دۆزە کرد کە ئێوە باستان لێوە کردووە سوپاسنامەی ئاڕاستە بکەن. سوپاسنامەی وەها جگە لەوەی هاندەرە بۆ پەرلەمانتاران، دەرفەتێکیشە بۆ تۆڕبەندی.

3) ڕەشنووسی پێشنیاز ئامادە بکە

پەرلەمانتار دەرفەتی هەیە پێشنیاز دەربارەی دۆزی هەمەجۆر پێشکەش بکات. دەکرێ پەیوەندی بگریت لەگەڵ نوێنەرانی پارتی جیاواز لە لیژنەی جیاوازدا و پێیان ڕابگەیەنیت کە ئێوە ئامادەن ڕەشنووسی پێشنیازیان بۆ داڕێژن. ئەگەر نوێنەری فلانە پارت لەو لیژنەیەدا باسەکەی تۆی بەهەند وەرنەگرت ڕوو بکە نوێنەرێکی دیکە. گەرچی زۆربەی جار پێشنیاز ڕەت دەکرێنەوە بەڵام دەبنە مایەیی گفتوگۆ لە لیژنەکاندا.

4) ڕەشنووسی پرسیار ئامادە بکە

پەرلەمانتار ئاگادار بکە کە تۆ ئامادەی ڕەشنووسی پرسیاری بۆ ئامادە بکەی، ئەو ئاڕاستەی وەزیری پەیوەندیداری بکات. دەبێ ئاگادار بی لە کات و شێوازی ئاڕاستە کردنی پرسیار لە پەرلەماندا، زانیاریش کۆ بکەوە دەربارەی ئەو دیدارانەی لە پەرلەماندا دەکرێن لەگەڵ وەزیرەکان. سایتی پەرلەمان زووزوو تەماشا بکە بۆ کۆ کردنەوەی زانیاریی هەمەجۆر.

5) ڕەشنووسی «فرەپرسیار» ئامادە بکە

پەرلەمەنتار بۆی هەیە بابەتێکی بەرفرەوان لە پەرلەماندا ئاڕاستەی حکوومەت بکات. لەم کارەدا دەکرێ پاشخانێکی قووڵتر و چەندین پرسیار داڕێژرێن ئەم بابەتە دەبنە مایەی گفتۆگۆی نێو پەرلەمان و هەموو پەرلەمانتارن بۆیان هەیە بەشدار بن. پەیوەندی لەگەڵ نوێنەری

چەندین پارتدا بگرە، هانیان بدە لە گفتوگۆدا بەشداربن. دەشتوانی چەند پێشنازێک بنووسیتەوە بۆ پرسیار و سەرنج دەربڕین.

6) ڕەشنووس ئامادە بکە بۆ نووچە و گوتاری گفتوگۆساز

پەرلەمانتار ئاگادار بکە کە تۆ ئامادەی ڕەشنووس و گوتاری گفتوگۆسازی بۆ داڕێژی، ئەو لەگەڵ پێشنیازی خۆی لە پەرلەماندا بڵاوی بکاتەوە. گەر گوتاری گفتوگۆساز بوو هەوڵ بدە نوێنەری چەند پارتێک وێکڕا واژووی بکەن.

7) پێشنیازی سەمینار و لێپرسینەوە

پێشنیاز بدە بە پەرلەمانتاران بابەتێک لە پەرلەماندا بورووژێنن لە ڕێی ڕێکخستنی سەمیناری نێو پەرلەمان. وا چاکە نوێنەرانی چەند پارتێک بەشداربن لە ڕێکخستنی سەمیناری وەهادا. پەرلەمانتار بۆیان هەیە داوا لە لیژنەکان بکەن دۆزێک بەسەر بکەنەوە. نامەیەک ئاڕاستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکە و ئاگاداریان بکە لەوەی ئێوە ئامادەن سەمینارێکیان لەو باسەدا بۆ ساز بکەن.

8) پەیوەندی ساز بکە

پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی لیژنەکان ڕێک بخە، بەتایبەتی ئەوانەی مەبەستیانە کار لەگەڵ ئەو دۆزانەدا بکەن کە بواری ئێوەن. بە دوا باسەکاندا بچۆ و دەمدەم زانیاری نوێیان بۆ بنێرە.

کاریگەری لەسەر حکوومەت

9) پەیوەندی لەگەڵ وەزارەت/ فەرمانگە

پەیوەندی خۆش بکە لەگەڵ کەسانی پەیوەندیدار و بەرپرس لە فەرمانگەی حکوومەتیدا. هەوڵ بدە زانیاری پەیدا بکەی دەربارەی شێوازی مامڵەت لەگەڵ ئەو دۆزەدا و هەڵوێستی وەزیر/ وەزارەت دەربارەی ئەو پرسە. پەیوەندی باش لەگەڵ هاوکارانی وەزیردا زۆر جار گرینگترە لەوەی هەموو جارێک هەوڵ بدەی پەیوەندی لەگەڵ وەزیردا بگری.

10) سەرنجی وەزیر ڕاکێشە

هەوڵ بدە سەرنجی وەزیر ڕابکێشی بە بانگهێشت و نامەی دەستخۆشی. لە گوتارەکاندا ناوی وەزیر بهێنە. وەزیرەکان بەگشتی چاودێریان هەیە لە مێدیادا بە دوای ناوی وەزیردا دەگەڕێن، دەیانەوێ بزانن مێدیا چۆن باسیان دەکات.

شێوازێکی جوان ئەوەیە وەزیر بانگهێشت بکەیت بۆ چالاکییەکی خۆتان بۆ نموونە کۆبوونەوەی ساڵانە. لەو دەرفەتەدا ناوی وەزیر بەرز ڕاگرن و نووسیارێکی بدەنە دەست پوختەی شامەبەستی ئێوە پێشان بدات.

11) کار لەسەر بودجە بکە

هەوڵ بدە کاریگەریت هەبێ لەسەر ئەو پێشنیازانەی پەیوەندیان بە بودجەوە هەیە، زانیاری تەواو دەربارەی کاتی گفتوگۆ دەربارەی بودجە

پەیدا بکە. پێشکات خۆتی بۆ ئامادە بکە. هەوڵ بدە یەک لە پارتەکانی نێو حکوومەت ڕازی بکەی لایەنی پێشنیازەکەی تۆ بگرن لە پرۆسەی بڕیاردانی بودجەدا.

12) داوای «نووسراوی فەرمیی گشتی» بکە
داوای «نووسراوی فەرمیی گشتی» بکە، بۆ نموونە نامەگۆڕکێی وەزارەت و فەرمانگەکان. ئەم نامانە زانیاری گرینگیان تێدایە بۆ لۆبیکاری خۆتان و دەنگوباسیشی تێدایە جێی سەرنج بێت بۆ میدیا.

13) داوای لێکۆڵینەوە بکە
هەوڵ بدە پرۆسەی لێکۆڵینەوە بکەوێتە کار و خۆت نەخشت هەبێ لە بڕیاردانی شێوازی لێکۆڵینەوەکە. گەر لێکۆڵینەوەکە دوور لە کاریگەریی تۆ کەوتە کار، کۆڵ مەدە، پێشنازی خۆت لەلاوە پێشکەش بکە.

14) وەڵامی «سەرنجنامە» Submission for Comment ئامادە بکە
کاتێک لێکۆڵینەوەیەک تەواو دەبێت، دەرفەت هەیە دیدی خۆت بە نووسراوێک کە پێی دەگوترێ «سەرنجنامە» ڕوون بکەیتەوە. ئەمەیان دەرفەتێکی ئاواڵەیە بۆ هەموو کەسێک، نەک تەنها بۆ ئەو لایەنەی داوای «سەرنجنامە» ی لێکراوە. ئەوجا پەیوەندیش لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانە بگرە کە داوای سەرنجنامەیان لێ کراوە بۆ ئەوەی هەوڵ بدەی کار بکەیتە سەر بۆچوونیان لەو باسەدا.

15) کاریگەری لەسەر «ڕێسانامە» Letter of Regulation

حکوومەت لە ڕێی «ڕێسانامە» ی ساڵانەوە کاروباری فەرمانگەکانی خۆی ئاراستە دەکاتە. لەگەڵ خۆتدا بڕیار بدە کامە چالاکی مەبەستتە لە فڵانە فەرمانگەوە پیادە بکرێت. پرسیار بکە بزانە کام فەرمانبەر بەرپرسە لە «ڕێسانامە» ی ئەو فەرمانگەیە. سەیری «ڕێسانامە» ی پێشتر بکە و تۆش ڕەشنووسێکی نەخت و پوخت لەو بابەتە ئامادە بکە.

کاریگەری لەسەر پارتەکان

16) ڕەشنووس بۆ پێشنیازی پەرلەمانتاری Parliamentary bill ئامادە بکە

ڕەشنووسی پێشنیازی پەرلەمانتاری ئامادە بکە و داوا لە پەرلەمانتارێک بکە بیگرێتە ئەستۆ. گەر پەرلەمانتارێک ئەو پێشنیازە لە پەرلەماندا پێشکەش بکات، ئەوا ناوەڕۆکی پێشنیازەکە دەبێتە بەشێک لە سیاسەتی ئەو پارتەی پەرلەمانتارەکە نوێنەرایەتی دەکات.

17) ڕەشنووس بۆ پێشنیازی پارتە Party bill ئامادە بکە

پەیدۆزییەک بکە بزانە دواڕۆژی پێشکەش کردنی پێشنیاز بۆ کۆنگرەی باڵای پارتەکان کەیە. داوا لە ئەندامانی پارتەکە بکە پێشنیاز ئاراستەی کۆنگرەی خۆیان بکەن و ئامادەگیی خۆشت پیشان بدە بۆ داڕشتنی پێشنیازی لەو بابەتە.

18) کاریگەری لەسەر پارتەکان لە ڕێی مێدیاوە

سوود لە مێدیای ناوخۆی پارتەکان و هەروەها لە مێدیای ناوچەیی وەربگرە بۆ بڵاو کردنەوەی سەرنج و ڕەخنە دەربارەی سیاسەتی ئەو پارتە. بەر لە کۆنگرەی ئەو پارتە هەوڵی ساز کردن و ڕێکخستنی ڕای گشتی بدە بۆ دروست کردنی پەستان.

19) ئاڕاستە کردنی نامە

نامە ئاڕاستەی پارتەکان بکە و پرسیاری وەها داڕێژە سوودی بۆ لۆبیکاریی خۆتان هەبێت. زانیاری دەربارەی ئەو نامەگەلە و وەڵامی پارتەکان بدە بە مێدیا.

20) ئاڕاستە کردنی پرسیار لە دیداردا

بەرپرسانی بەرچاوی پارتەکان کۆبوونەوەی ئاواڵەی گشتییان هەیە، بەشدار بە و پرسیار ئاڕاستەی ئەو سیاسەتمەدارانە بکە. هەر وەڵامێکی گەشیان هەبوو تۆماری بکە و زوو بیدەرە مێدیا. پاشان دیڤچوونت هەبێ و داوا بکە ئەو پەیمانە جێبەجێ بکرێت. پاش ساڵێک ئەو کارانە هەڵسەنگێنە.

## 10 ئامۆژگاری دەربارەی چۆنییەتی کاریگەری لەسەر یەکێتیی ئەورووپا EU

هەوڵدان بۆ کار کردن لەسەر بڕیاری EU جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ هەوڵدان بۆ کار کردن لەسەر بڕیاری پەرلەمان و حکوومەتی خۆماڵی. سوود وەربگرە لە ئامۆژگارییەکانی Westander دەربارەی لۆبیکاریی گشتی و ئەم خاڵانەشی بخە سەر.

1) هەر پەرلەمانتارێکی EU بۆی هەیە ساڵانە چەندین گرووپی 20 کەسی بانگهێشتی بروکسل بکات. سوود وەربگرە لە ڕەوەندی کوردستانیی ئەورووپا بۆ ساز کردنی پەیوەندی لەگەڵ پەرلەمانتارانی EU وەڵاتەکەی خۆیان، بۆ نموونە وەڵاتی سوێد 18 پەرلەمانتاری هەیە لە EU و دەکرێ سوودیان لێ وەربگیرێ.

2) لە کۆمیسیۆنەوە دەست پێ بکە
لە EU دا کۆمیسیۆن تاکە لایەنە مافی دەستپێشخەری هەبێت، ئەم مافە پاوانی کۆمیسیۆنە. کۆمیسیۆن دوو «دەفتەر»ی هەیە، یەکەم «دەفتەری کەسک» (بنەمای گفتوگۆ) و دوەمیان «دەفتەری سپی» (پێشنیازی چارەسەر). لەم دوو دەفتەرەدا بگەڕێ بزانە ئەو دۆزەی تۆ مەبەستتە خراونەتە بەرباس.

3) کار لەسەر ڕاپۆرتسازەکان بکە
EU 736 پەرلەمانتاری هەیە بەڵام ژمارەیەکی کەمیان بە کردەوە لە هەموو بڕیارێکدا دەنگ دەدەن. هەموو دۆزێک «ڕاپۆرتساز» ی خۆی

هەیە نوێنەرایەتی پەرلەمانی ئەورووپا دەکات بەرانبەر هەم کۆمیسیۆن و هەم ئەنجومەنی وەزیران. ئەوجا هەموو گرووپی پارتێک «ڕاپۆرتسازی سێبەر» ی خۆی هەیە. گرینگە ئەم «ڕاپۆرتساز» انە بەهەند بگریت.

4) بچووکەکان لەبیر مەکە
زۆرینە لە نێو پەرلەمانی EU دا بزێوە. گرووپی پارتە بچووکەکانیش نوێنەری گرینگیان هەیە، ئاگات لێیان بێت. دوور نییە ئەم نوێنەرانە لە سەودا (بێنەوبەرە - موعامەلە) ی دۆزێکدا بتوانن زۆرینە بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

5) بەشداری کۆبوونەوە ببە
بەشێکی زۆری کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی EU ئاواڵەیە بۆ ئاپۆرەی خەڵک. بەشداری بکە لە کۆبوونەوەکاندا و کاتی کورتەوچان پەیوەندی لەگەڵ پەرلەمانتاران بگرە. هەم ئەوانەی لەو دۆزەدا لایەنگری بۆچوونی تۆن و هەم ئەوانەی ڕاڕان.

6) ناوی خۆت تۆمار بکە
کەسانێک بەردەوام سەرەدانی پەرلەمانی EU دەکەن بۆیان هەیە داوای کارتێکی ساڵانەی کەسەکی بکەن بۆ چوونە ژوورەوە. ناوی خۆت وەک لۆببیست تۆمار بکە بۆ ئەوەی ئاسانتر بتوانی سەرەدانی بڕیاردەران بکەیت و کاریان لەسەر بکەیت.

7) کار لەسەر پەرلەمانتارانی فڵانە وەڵات بکە

پەرلەمانتارانی EU، ڕای گشتیی میللی (ڕای گشتیی وەڵاتەکان) بەهەند دەگرن، بە تایبەتی دەمەو هەڵبژاردن. بە سوود وەرگرتن لە ڕەوەندی کوردستانی لە ئەورووپا جۆری دەنگدانی پەرلەمانتارانی فڵانە وەڵات (بۆ نموونە سوێد) لە پەرلەمانی EU دا نەخشەکێش بکە، نامەیان ئاڕاستە بکە و هەوڵ بدە کاریگەریت لەسەریان هەبێت.

8) لە ڕێی حکوومەتەوە کاریگەری دروست بکە

حکوومەتی هەموو وەڵاتانی ئەندام لە EU دا لە ڕێی ئەنجومەنی وەزیرانەوە کاریگەریان هەیە لەسەر سیاسەتی EU. تۆ دەتوانی — بە سوود وەرگرتن لە ڕەوەندی کوردستانیی ئەورووپا — سوود لەو کەناڵانە وەربگریت. جگە لە وەزارەتی تایبەتمەندی حکوومەتی وەڵاتەکە، دەفتەری تایبەت بە EU لەو حکوومەتەشدا هەیە، ئەوجا هەموو حکوومەتی وەڵاتێکی ئەندام، لە بروکسل نوێنەرایەتی هەیە. بۆت هەیە پەیوەندی لەگەڵ هەموان ساز بکەیت.

9) سوود لە نوێنەرانی دیکەی وەڵات وەربگرە

وەڵاتانی ئەندام، جگە لە نوێنەرایەتییان لە EU دا نوێنەری دیکەیان هەیە لە بروکسل، بۆ نموونە نوێنەری سەندیکا گەورەکان و هەرێمی جیاواز. دەتوانی لەمانیشدا کەسانی پەیوەندیدار بە دۆزەکەی خۆتانەوە، بکەیتە کەناڵی کاریگەری.

10) دەنگت لە مێدیادا هەبێ

جێ گرتن لە مێدیادا دوور نییە ببێتە هۆی ناوداری، بانگهێشتن بۆ بەشداری لە گرووپی کاری نێو کۆمیسیۆن و لە هەموان باشتر: وەدەست هێنانی پێگەی شارەزا. جەخت لەسەر مێدیای وەها بکە پەرلەمانتاران، کارمەندانی کۆمیسیۆن و بڕیاردەرانی دیکە بیخوێننەوە، بۆ نموونە European Voice.

## 10 ئامۆژگاری دەربارەی کاریگەری لەسەر بەرەی بەرهەڵستان

بۆ پتەو کردنی لۆبیکاریی خۆتان گرینگە ئاوڕ لە بەرەی بەرهەڵستان بدەنەوە. جار هەیە حکوومەتیش دەکەویتە ژێر کاریگەرییەوە کاتێک بەرهەڵستان ئەو دۆزەی ئێوە دەورووژێنن.

1) دەرفەت وەرگرە

کاریگەری لە سیاسەتی بەرهەڵستان ئاسانترە. بەشێکی لەبەر ئەوەیە بەرهەڵستان توانای لێکۆڵینەوە و دیڤچوونی خۆکردیان کەمترە، پێیان خۆشە سوود لە توانای تۆ وەربگرن، بەشێکی دیکەی ئەوەیە بەلای بەرهەڵستانەوە ئاسانترە ڕەخنەگر بن و گۆڕانکاری بکەنە پەیمانی هەڵبژاردن.

2) جەخت لەسەر یەک پارت بکە

بزانە کام پارت لە نێو بەرهەڵستاندا باشتر هاوسۆزی ئەو دۆزەی ئێوەیە، جەختی لەسەر بکە بۆ ئەوەی ببێتە جڵەوکێشی باسەکە و بە دۆزی خۆی بزانێت.

3) توانای هێزەکی خۆت پێشان بدە

پێکهاتنی پارتەکانی نێو بەرهەڵستان دەنگدانەوەی گەورەی دەبێ. پێشانی بدە ئەو دۆزەی ئێوە چۆن دەتوانێ لە مێدیادا کاریگەری هەبێت و ببێتە

دۆزێکی هەڵبژاردن. پێشنیازی بڵاو کردنەوەی دەنگوباس، داڕشتنی گوتار و ئاماری نوێ پێشکەش بکە.

4) پێشنیازی پێکهاتن پێشکەش بکە
گەر باسێک هەیە لایەنەکانی نێو بەرهەڵستان لەسەری ناکۆکن، لە باسەکە وردبەوە و سازشێک پێشنیاز بکە بۆ ڕەواندنەوەی ئەو ناکۆکییە. پێکهاتنی لەو بابەتە دەبێتە دەنگوباسێکی گەورەی گرینگ.

5) دۆزی کەش بگرە دەست
دۆزی کەش لای هەموو پارتەکان گرینگە. گەر دەتوانی پێشانی بدە کە دۆزەکەی ئێوە کاریگەریی ئایەتی لەسەر کەش هەیە و بەتایبەتی گەر پێشکەوتنی تەکنیکی و زیاد کردنی دەرفەتی کاری بەدەمەوە بێت، شانستان زۆرە جێ بگرێت.

6) دەستەی هاوکارانی سەرۆک پارتەکان بەسەر بکەوە
سەرۆکی پارتە بەرهەڵستەکان هاوکاریان هەیە سیاسەتیان بۆ هاوئاهەنگ دەکەن و ڕۆژەڤی هاوکۆیان بۆ دادەڕێژن بۆ ئەوەی ڕووەو دەرەوە لەسەر ئاستی سەرۆک پارت یەک هەڵوێست پێشان بدەن. ئەم هاوکارانە بەسەر بکەوە و پێشانی بدە کە دۆزی ئێوە پەرۆشی بەرژەوەندی میللییە.

7) پەیوەندی بگرە لەگەڵ گرووپانی کاری بەرەی بەرهەڵست
پارتە بەرهەڵستەکان گرووپی کاری تایبەتیان هەیە بۆ داڕشتنی سیاسەتی هاوکۆ. پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی ئەو گرووپانە بگرە و پێشنیازیان

پێشکەش بکە دەربارەی کاری هاوبەشی دەمەو هەڵبژاردن.

8) کاریگەری دروست بکە لەسەر پرۆسەی نێوخۆی پارتەکان
هاوتەریب لەگەڵ گفتوگۆ و سەودای نێوخۆی بەرە، هەر پارتێک پرۆسەی تایبەتی هەیە بۆ دارشتنی سیاسەتی خۆی. پەیوەندی لەگەڵ کەسانی بڕیاردەری ئەو پرۆسانە بگرە و هاوکارییان بکە بە زانیاری و پێشنیاز.

9) لێک ترازانی پارتەکانی حکوومەت
گەمەی سیاسی ڕۆژگاری دەمەو هەڵبژاردن گەرم دەبێت. گەر بتوانیت پێشانی بدەی دۆزێکی تایبەت دەتوانێ پارتە هەوپەیمانەکانی حکوومەت لێک بترازێنێ ئەوا باشتر دەتوانی کاریگەریت هەبێ لەسەر بەرهەڵستان.

10) بەرەنگاری
پێشانی بدە چۆن ئەو دۆزەی ئێوە سوودی هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەرەی حکوومەت، ئەویش بە پشتیوانیی ئەنجامی ڕاپرسی. یارمەتی بەرهەڵستان بدە خاڵی لاواز و پەیمانشکێنی لە کاری حکوومەتدا ئاشکرا بکات.

## 10 ئامۆژگاری دەربارەی کاریگەری لەسەر بەرەی حکوومەتی هاوپەیمان

کاتێک بەرەیەکی هاوپەیمان حکوومەت دەگرێتە دەست نەخشەی سیاسەتی وەڵات دەگۆڕدرێ. ئەو کەسەی مەبەستیەتی کاریگەری هەبێت لەسەر سیاسەتی حکوومەت دەبێ بەڵگەکاری و هەڵسوکەوتی خۆی هەموار بکات.

1) جەخت لەسەر ئەو پارتە بکە وەزیری پەیوەندیداری هەبێ
هەر یەک لە پارتەکانی نێو بەرەی هاوپەیمان بواری بەرپرسایەتیی خۆی هەیە. ئەمیان دەسەڵاتی زیاترە بەڵام لەوانەیە ئەوانەی دیکە هەر یەکەیان دۆزێکی تایبەتی بەلاوە گرینگ بێت و لەو دۆزەدا دەسەڵاتێکی گەورەی هەبێت. گرینگە تۆ جەخت لەسەر ئەو پارتە بکەیت کە وەزیری پەیوەندیداری هەیە بە دۆزەکەی تۆوە.

2) ئاگات لە ئەنجومەنی هاوئاهەنگی بێت
ڕاستە بەرەی هاوپەیمان ڕووەو دەرەوە خۆیان هاوڕا پێشان دەدەن، بەڵام لە نێوخۆدا بۆچوونی جیاوازیان هەیە. لەبەر ئەوە ئەنجومەنێکیان هەیە بۆ هاوئاهەنگی. ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە بەسەر بکەوە و بزانە کێ هاوسۆزی دۆزی ئێوەیە و کێ ڕاڕایە.

3) سوود لە ویستی نەخشهێنان وەرگرە
گەر پارتێک لەو هاوپەیمانەتییەدا دەسەڵاتی زیاتر بێ، ویستی خۆنواندن و نەخشهێنان لە باسێکی تایبەتدا لای پارتەکانی دیکە بەهێز دەبێ. هەوڵ بدە یەک لەو پارتانە ڕازی بکەیت دۆزەکەی ئێوە بەهەند بگرێ.

4) کاریگەریت هەبێ لەسەر مانیفێستی هەڵبژاردنی بەرەی هاوپەیمان بەر لە هەڵبژاردن، بەرەی هاوپەیمانی گرووپی کاری تایبەت پێک دەهێنێ بۆ دارِشتنی سیاسەتی حوکومڕانیی داهاتووی بەرەی هاوپەیمان. نوێنەرانی پارتەکان لەم گرووپانەدا بەسەر بکەوە.

5) ڕوانگەی کۆمپانیا بگرە
لە هەر بوارێکدا بێت — بۆ نموونە کەش یان کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت - هەوڵ بدە پێشانی بدەیت کە پێشنیازی ئێوە، دەبێتە مایەی زیاد کردنی دەرفەتی کار.

6) بیر تەنها لە پێشنیازی پەرلەمانتاری مەکەوە
گەر بەرەی حکوومەت لە پەرلەماندا زۆرینە بێ، پێشنیازی پەرلەمانتاری Parliamentary bill ئەو سەنگەی نامێنێ. هەوڵ بدە پەرلەمانتارانی بەرەی هاوپەیمان ڕازی بکەیت «لێپرسینەوەی پەرلەمانتاری» Interpellation و پرسیاری نووسراو ئاڕاستەی وەزیری پەیوەندیدار بکەن.

7) سوود لە ماوەی سەرۆکایەتی EU وەرگرە
لە ڕێی ڕەوەندی کوردستانیانی ئەورووپا، سوود وەرگرە لەوەی فڵانە دەوڵەت دەبێتە سەرۆکی EU بۆ ماوەیەکی دیاریکراو — بۆ نموونە سوێد لە مانگی ژولای 2009 ەوە سەرۆکە.

8) سەرنجی پەرلەمانتارێکی EU ڕاکێشە

پەرلەمانتارانی EU «دوور خراونەتەوە» لە سیاسەتی نێوخۆی وەڵاتەکەی خۆیان. هەوڵ بدە پەرلەمانتارێک بدۆزیتەوە هاوسۆزی دۆزەکەی ئێوە بێت و لە لای خۆیە کار بکاتە سەر سیاسەتی پارتەکەی خۆی لە نێو وەڵاتدا.

9) ڕوو لە کارمەندانی حکوومەت بنێ

سیاسەتمەداران دێن و دەچن، ئەوەی دەمێنی زۆربەی کارمەندانی حکوومەتە. جگە لەوەی دەمێنن، ئەمانە هەم خاوەن دەسەڵاتن و هەم دیداریشیان ئاسانترە.

10) ئاگات لە ڕاپرسییەکان بێت

نەخشەی سیاسیی نێو پەرلەمان بزانە. لە تەرازووی زۆرینە و کەمینە وردبەوە. ئەوجا ئاگایشت لە ڕاپرسییەکانی وەڵات بێ، دوور نییە هەڵبژاردنی داهاتوو ئەنجامی دیکەی هەبێ.

## 10 هەڵەی کلاسیکی لۆبییکاری

جگە لەو ئامۆژگارییانەی پێشکەشمان کرد دەربارەی لۆبییکاریی چوست و کاریگەر، لێرەدا لیستەی 10 هەڵەی کلاسیکی لۆبییکاری دەخەینە بەرچاو.

وریا بە، بەتەڵەوە نەبیت! ئەم هەڵانە ژێرکەوتنیان بەدەمەوەیە.

1) ملنانی بێ نەخشە
خۆمان دەخەینە کەمپێنێکی لۆبییکاری بێ ئەوەی هەڵوێستی پارتەکان و لایەنی دیکەی گرینگی پەیوەندیدارمان نەخشەڕێژ کردبێ. لەبەر ئەوە نازانین بەڵگەکارییەکانی ئێمە بە چییەوە گیر دەبن.

2) درەنگ کەوتن
کاتێک دەکەوینە خۆمان و بەرتەکمان دەبێت، پێشنیازەکە بڵاو کراوەتەوە و ئاراستەی لایەنی لێتۆژ کراوە.

3) خەمساردی
تەنها کاتێک کێشەیەک دێتە ڕێمان پەیوەندی لەگەڵ بڕیاردەران دەگرین، لە بری ئەوەی بەردەوام پەیوەندیمان لەگەڵیان گەرم بێ. گەر بڕیاریش دەرچوو ناچین دەستخۆشییان لێ بکەین.

4) خۆ دووپات کردنەوە
هەر وەک جاران دەکەین. بۆ نموونە پەنا دەبەینەوە بەر گوتارنووسین بۆ

ڕۆژنامەکان دەربارەی خراپی بینای فێرگە و سیستەمی خوێندن لە بری ئەوەی سیاسەتمەداران بانگهێشتی فێرگەیەک بکەین هەم بۆ سەرەدان و هەم بۆ گفتوگۆ لەو فێرگەیەدا.

5) دزە کردن

هەر لە خۆڕا پێمان وایە باشترە بە خامۆشی و بێدەنگی کار لەسەر بڕیاری سیاسی بکەین، لە بری ئەوەی ساز کردنی ڕای گشتی و مێدیا بکەینە پشتیوانی لۆبیکاریی خۆمان.

6) ماستی ئەزموو لە نەزموو باشترە

هاوکاری تەنها لەگەڵ ناسیار و هاوکارانی دێرین دەکەین لە بری ئەوەی بگەڕێین بۆ دۆست و هاوکاری نوێ، لە سیاسەت و لە مێدیادا سەنگمان پێیان زیاد بێت.

7) پەیدا کردنی نەیاری نوێ لە بری دۆستی نوێ

وەها خوومان بە ناکۆکییەوە گرتووە بە ئاسانی نەیار بۆ خۆمان دروست دەکەین بەوەی ناچاریان دەکەین بکەونە بەرگری و داکۆکی، لە بری ئەوەی هەوڵ بدەین خاڵی هاوکۆ بدۆزینەوە.

8) درشتبینی وردنەبین

شائامانج ڕوونە بەڵام ڕێگەی ڕووەو ئامانج ناڕوونە. زۆر جار پەنا دەبەینە بەر دەستەواژەی وەک «یان ئەم یان ئەو» کەچی لائامانجی بەرجەستە زۆرن لەسەر ڕێ.

9) پێمان وایە بابای بەرپرس بڕیاردەرە

زۆر جار شانازی دەکەین بەوەی گەیشتووینەتە دیداری وەزیری پەیوەندیدار لە بری ئەوەی بە وردی بگەڕێین بۆ کەسی خاوەن دەسەڵاتی ڕاستینەی بڕیاردەر لەو دۆزەدا.

10) خۆ کردنە ماشێنی مەرج و داواکاری

لە دیداری بەرپرساندا هەراسانیان دەکەین بەوەی مەرج و داواکاریی سەختیان ئاڕاستە دەکەین، لە بری ئەوەی شێوەی دەربڕینمان وەها بێت سیاسەتمەداری بەرانبەر ئێمە بە هاوگوتار و ڕاسپاردەی خۆی بزانێت.

## 5 ئامۆژگاری بۆ ڕکابەرانی خۆمان

کۆمپانیای Westander ی «پەیوەندسازی» PR بیرۆکەیەکی تایبەتی کاری هەیە لە زۆر ڕووەوە جیاوازە لەوەی لە بازاڕدا باوە. ئێمە هەوڵ دەدەین بۆ زیادبوونی کۆمپانیای «پەیوەندسازی» PR ی خاوەن بیری نوێ ئەویش هەم بۆ گەشەندی ئەم ڕشتەی کارەیە و هەم بۆ تەژەندی بازاڕ. هەر لەبەر ئەوەشە لێرەدا 5 ئامۆژگاریی کردەکی ئاڕاستەی ڕکابەرانمان دەکەین. [گەشەند: گەشانەوەی ڕووکارە، تەژەند: تێری ناوەڕۆکە].

1) بابەتەکی (ئۆبژەکتیڤ) مەبە
سازمانی ڕشتەی «پەیوەندسازی» PR لە ڕێنامەی خۆیدا نووسیویەتی: «هەر لایەنێک، بە پێی قانوون ڕەوا بێ و پەیڕەویی ئاکاری گشتیی دروست بکات، داوای ئامۆژگاری کرد نابێ ڕەت بکرێتەوە». ئێمە بەپێچەوانەی ئەو گوتەیەوە داوا دەکەین کۆمپانیای «پەیوەندسازی» PR تەنها ئەو کارانە بگرێتە ئەستۆ کە خۆیان لەگەڵیدا هاوسۆزن. ئەم هەڵوێستە هەم شانازیی کار لە کارمەندانداندا سەر دەخات، هەم دەبێتە دەستەبەر بۆ سوودی کڕیار. لەوەش بترازێت دەبێتە باشترین هۆکار بۆ ڕاکێشانی هاوکاری نوێی کارامە و دڵسۆز بۆ کۆمپانیاکە.

2) لیستی کڕیارەکانت مەشارەوە
کەم کۆمپانیای «پەیوەندسازی» PR هەیە لیستی کڕیارانی خۆی ئاشکرا بکات. سازمانی ڕشتەی «پەیوەندسازی» PR داوا دەکات ڕێگە ئازاد بێ بۆ کۆمپانیای «پەیوەندسازی» PR بە نهێنی هاوکاریی کۆمپانیا و

سازمانی دیکە بکات کاریگەریی لەسەر سیاسەت هەبێت. بە پێچەوانەی ئەوان، ئێمە دەڵێین کۆمپانیای «پەیوەندسازی» PR دەبێ بەرپرسایەتی بگرێتە ئەستۆ و ڕێز لە پرۆسەی دیمۆکراتیی ئاواڵە بگرێت. دەبێ لیستی کارەکانی خۆی ئاشکرا بکات. ئەو کۆمپانیایەی لۆبیکاری دەکات دەبێ بەرپرسایەتیی کارەکەی خۆی وەئەستۆ بگرێ.

3) مێتۆدی کاری خۆت جادووپۆش مەکە
کۆمپانیای «پەیوەندسازی» PR هەیە مێتۆدی کاری خۆیان سەرپۆش دەکەن، مەبەستیشیان گرانفرۆشیی هونەرێکی ساکارە، گەر ئاشکرای بکەن خەڵکی دیکەش فێری دەبێ. ئێمە بە پێچەوانەی ئەوان، پێمان وایە کۆمپانیای «پەیوەندسازی» PR دەبێ هەوڵ بدات کڕیارەکان فێری هونەری «پەیوەندسازی» PR بکەن. بەگشتی بۆ کڕیاران سوودێکی گەورەیە کاری ڕۆتین و پەیوەندی دەرەکیی خۆیان بگرنە ئەستۆ.

4) جەخت لەسەر ستراتیژی سەرانسەری مەکە
زۆر کۆمپانیای «پەیوەندسازی» PR ی گەورە هەیە بازاڕی خۆیان بەوە گەرم دەکەن گۆیا ستراتیژی سەرانسەری دادەڕێژن. ئێمە، بە پێچەوانەی ئەوان، پێمان وایە کۆمپانیای «پەیوەندسازی» PR دەبێ ڕێبازێکی کردەکی بگرنە بەر. ئەوەی کڕیارەکانمان بەدوایدا وێڵن کاری کردەکییە، لە نموونەی «کێ چی بکات و کەی؟» نەک دۆکیومێنتی گشتگیری ستراتیژی.

5) ترس مەکە هاندەر

کۆمپانیای «پەیوەندسازی» PR هەیە بە توندی جەخت لەسەر ترسی سەختانگ دەکات – ئەمە بۆ ماوەیەکی کورت دەبێتە مایەی داهاتێکی زۆر. بەڵام بەردەوامبوون لەسەر ترس لە ڕاگەیاندنی دژ و بەد، جڤاتی ترسەنۆک پەیدا دەکات. ئێمە، بە پێچەوانەی ئەوانە، دەڵێین کۆمپانیای «پەیوەندسازی» PR دەبێ کار بکات بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زیاتر کۆمپانیا و سازمان بێنە مەیدانی کاری جڤاکی. هەر نەبێ لە ڕوانگەی دێمۆکراسیەوە، گرینگە خەڵکانێکی زۆر پەی بەرن بە چۆنیەتیی چەرخاندنی پرۆسەی سیاسی و مێدیاکاری.

## لیستی زاراوەکانی ئەم نامیلکەیە

1) ئایەتی: پۆزەتیڤ Positive، بڕوانە نایەتی
2) بەرتەک Reaction، کاردانەوە، بڕوانە تەک
3) پێشنیازی پارتە Party bill
4) پێشنیازی پەرلەمانتاری Parliamentary bill
5) پەیوەندسازی Public Relations - PR
6) تەژەند Growth تێری ناوەڕۆک، بڕوانە گەشەند
7) تەک Action، کار، بڕوانە بەرتەک
8) چێکلیست Checklist لیستێک بۆ تۆمار کردنی چەند خاڵێکی دەبێ ئەنجام بدرێن.
9) دەستاوێژ: ئامراز
10) دەستەواژە: دەربڕین
11) دیڤچوون: بەدواداچوون
12) ڕاگەیاندن Publicity
13) ڕێسانامە Letter of Regulation
14) ساختار: بونیات، پێکهات، ستروکتور، سترەکچەر
15) سازمان: ڕێکخستن Organization
16) سەختانگ: قەیران، ئەزمە
17) سەرنجنامە Submission for Comment
18) شرۆڤە: شی کردنەوە
19) گەشەند Prosperity – گەشانەوەی ڕووکار و ڕووخسار. بڕوانە تەژەند. [تەژەند و گەشەند: بڕوانە کتێبی «زاراوەسازیی پێوانە»، مەسعوود محەمەد].

20) لۆبیکاری Lobbying واتە هەڵمەتێکی سازدراوی ڕێکوپێک لە لایەن سازمان و گرووپی خاوەن خولیای تایبەت ڕووەو دەسەڵات بۆ پەیدا کردنی پشتیوانی.

21) لێپرسینەوەی پەرلەمانتاری Interpellation

22) مفت: خۆڕایی، بێ پارە

23) میتۆد Method، ڕێباز، شێواز

24) نایەتی: نێگەتیڤ Negative

25) نووچە Press Release. نووچە بە واتای «خەبەر» ڕۆیشتوە، بەڵام لێرەدا بە واتای ڕاگەیاندنێکی تایبەت لە لایەنێکەوە، بەکار هاتووە.

26) نۆرە، ڕۆڵ

«...»